DOI:https://doi.org/10.54809/jkss.vi11.15

گۆڤاری کوردستانیی بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتیجیی

Copyright © Open access article with CC BY-NC-ND 4.0

# شیکردنەوەی گوتاری رۆژنامەوانیی (ژانەری هەواڵ بە نموونە)

د.جوانە احمد حمە حسین

کۆلێجی پەروەردەی بنەڕەتی/بەشی کوردی -زانکۆی سلێمانی- هەرێمی کوردستان

## پوختە

ئەم توێژنەوەیە بە ناونیشانی (شیکردنەوەی گوتاری رۆژنامەوانی / ژانەری هەواڵ) بە نموونە کراوە. زۆربەی گوتار شیکارکەران زاراوەی گوتار بۆ زمانی ئاخاوتن و گفتوگۆ بەکاردەهێنن, لەکاتیکدا بەکارهێنانی زمان تەنیا زمانی ئاخاوتن ناگرێتەوە, بەڵکو پێوەندییکردنەکان زمانی (نووسین) یش دەگرێتەوە, ئەم بەکارهێنانەی زمان لە کاتی خوێندنەوەی (پەرتووک, نامە, رۆژنامە) بەرجەستە دەبێت, هەر بۆیە دەقە نوسراوەکانیش وەک گفتوگۆکان هەمان بەکارهێنەر (نووسەر و خوێنەر) یان هەیە, دەقە نووسراوەکانیش دەتوانرێت بخرێنە چەمکی گوتارەوە, چونکە کاتێک زمان بۆ دەربڕینی هزرەکان بەکار دێت, بێگومان (گفتوگۆ و نووسین) دەقە (زارەکییەکان و نووسراوەکان) یش دەگرێتەوە.
لەم توێژینەوەیەدا، کارکراوە لەسەر تاوتوێکردنی سیماکانی دەقێکی هەواڵیی وەک یەکەیەکی گەیاندن و ئاڵوگۆڕکردنی ئاخاوتن پەیوەست بە دەوروبەر (context)ی باری کۆمەڵایەتیی و رووداوی پێوەندییکردن، کە بە شێوەیەکی سیستماتیکی کاریگەرییان لەسەر دەق و گفتوگۆ هەیە.

**کلیلە وشەکان: گوتاری رۆژنامەوانیی، دەقی هەواڵیی، زمانی ئاخاوتن، زمانی گوتار، چۆنێتیی و چییەتی زمان.**

Recieved: 31/10/2021
Accepted: 23/11/2021



E-ISSN: 2790525-X
P-ISSN: 27905268

## ناونیشانی توێژینەوەکە:

لەم توێژینەوەیەدا؛ واتە لە خزمەتی شیکاری گوتاردایە و ،شیکردنەوەی ئەم توێژینەوەیە لە پێشەکیی و دوو بەش پێکدێت:

بەشی یەکەم: لەم بەشەدا چەمکی شیکردنەوەی گوتار ئاماژەی پێدەکرێت و، پاشان گوتارجو دەوروبەر و، هەروەها گوتار و پێوەندیە واتاییەکان و، نواندن و، نرخاندنی بەها هەواڵییەکان و، داڕشتنی هەواڵ بە پێی شێوازەکانی داڕشتنی هەواڵ دیارییدەکرێت.

بەشی دوەم: شیکردنەوەی دەقی هەواڵی نێو ڕۆژنامەکانە.

-میتۆدی توێژینەوەکە: میتۆدی شیکاریی ڕەخنەیی دەقی هەواڵ لە ڕووی چۆنێتییەوە لە ڕۆژنامەی کوردیی دا پەیڕەوکراوە.

-کەرەستەی توێژینەوەکە: گوتاری ڕاگەیاندنی کوردیی (زمانی نوێی هەواڵی ڕۆژنامەنووسی کوردییە، لە زاری کرمانجی ناوەڕاستی زمانی کوردیی دا) لە ڕۆژنامەکانی (کوردستانی نوێ+ خەبات+ سێ هەفتەنامە (ڕێگای کوردستان+ یەکگرتوو+ ئاسۆ)، کە سەرجەمیان زمانحاڵی حیزبی سیاسیی کوردیین و، یەک بابەت وەرگیراوە و شیکردنەوەی بۆ کراوە .

## بەشی یەکەم
## -شیکردنەوەی گوتار

### ١.چەمکی شیکردنەوەی گوتار

لە کاتی توێژینەوەدا، میتۆدی چۆنێتیی شیکردنەوەی گوتار لە میتۆدی شیکردنەوەی چەندێتیی جیادەکرێتەوە. ( خانیکی:١٣٧٤, ل ٣٦٥), ئەمجۆرە تێڕوانینە دەگەڕێتەوە بۆ ڕابردوویەکی زۆر دوور, کە فەیلەسووفی سەردەمی ڕۆشنەگەریی: مارکس و ئەندامانی فرانکفۆرت(ئادێرنۆ, بینیامین) ڕۆڵی سەرەکییان لەم بیرۆکەیەدا بینیوە.( Van Dij:1991,p127)

خودی چەمکی گوتار وەک (زمان, پێوەندییکردن, کۆمەڵ, کەلتوور) چەمکێکی لێڵە و بەسەرجەم ئەو زانستە ناودەبرێت, کە دیاردەیەک تاوتوێ دەکات. زاراوەی گوتار لە تێگەیشتنی باودا، وەک زاراوەیەکی گشتیی بۆ بەکارهێنانی هەندێ بواری زمان وەک زمانی ئاسایی، بە نموونە زمانی ئاخاوتن یا شێوازی ئاخاوتن لە کردەی پێوەندییکردندا بەکاردێت, توێژینەوە گوتارییەکان چ بە شێوەی ئاخاوتن و چ بە شێوەی نووسین، ڕێژەیەکی کەمیان خراوەتە خزمەتی شیکردنەوەی گوتارەوە, بەڵام هەندێکیشیان شیکردنەوەی گوتاریان بە مانای تاوتوێکردنی شێوازی ئاخاوتنی گوتار و، دەقی زمانیشیان بۆ گوتاری نووسراو بەکارهێناوە.

شیکردنەوەی گوتار شیکردنەوەی زمانە لە بەکارهێناندا, بە جۆرێک ناتوانرێت داببڕێت و سەربەخۆ بێت لەو ئەرکەی ئەو فۆڕمە زمانییانەی کە بۆ خزمەتکردنی کارو چالاکییەکانی مرۆڤ هاتونەتە ئاراوە. ئەم پێناسەیە دوو ئاڕاستەی لای زمانەوانان دروستکرد، ئەوانیش، یەکەم: شیکردنەوەی گوتار وەک یەکەیەکی گەورەتر لە ڕستە دەڕوانێت, واتە گوتار یەکەیەکی دیارییکراوی زمانە و لە ڕستە گەورەترە, بۆیە شیکردنەوەی گوتاریش گرنگی بە شیکردنەوەی ئەو یەکانە دەدات. دووەم: شیکردنەوەی گوتار بە ئامانجی بەکارهێنانی چۆنێتی و چییەتی

بەکارهێنانی زمانە, واتە تاوتوێکردنی بوارە جۆربەجۆرەکانی بەکارهێنانی زمان لەسەر ئەرکی یەکە زمانییەکان دامەزراوە (p٤٤,١٩٩٣:Renkema). بەم پێیە دەتوانین بڵێین؛ کە گوتار شێوازێکە لە شێوازەکانی بەکارهێنانی زمان, لەگەڵ ئەوەشدا ئەم وەسفکردنە بەتەواویی ئامانجی خۆی نەپێکاو, هەر بۆیە شارەزایانی بواری شیکاریی گوتاریی چەند رەگەزێکی زمانییان وەک (چۆن, کێ, لەبەر چیی, کەی) بۆ چەمکی گوتار زیاددەکەن, تەنانەت کاتێک ئێمە دەتوانین لە گرنگیی زمان بگەین, کە بتوانین لە پراگماتیک تێبگەین, بەو مانایەی زمان چۆن لە پێوەندییکردن دا بەکاردێت. (p١١,١٩٩٦:Leech Geoffrey). لە زانستی پراگماتیک دا پێویستە بزانین لەکاتی پێوەندییکردن دا هەر فۆرمێکی زمان چ ئەرکێکی هەیە, هەر بۆیە (فێرکلاف) پێیوایە فۆرم بەشێکە لە ناوەڕۆک و، ئەرکیش لە ناوەڕۆکدایە، بۆیە فۆرم بەبێ ناوەڕۆک وەک جەستەیەکی مردوو وایە (Fairchlegh p١٣٤,١٩٨٨:Norman). بۆ نموونە لە رستەکانی وەک:

١-تورکیا شاخەکانی قەندیلی بۆردومانکرد.

٢ شاخەکانی قەندیل لەلایەن تورکیاوە بۆردومانکران .

فۆرمی هەردوو رستەکە (هەواڵدان) ە , هەردوو رستەکە هاوواتان, بەڵام ئەرکەکانیان جیاوازە. خوێنەر لە رستەی (یەکەم) دا سەرنج دەخاتە سەر بکەرەکە, کە ( تورکیا) یە, بەڵام رستەی (دووەم) سەرنجی خوێنەر بۆ (شاخەکانی قەندیل) رادەکێشێت, کە چیی بەسەرهاتووە, بەم شێوەیە دەڵێین هەر رستەیەک لە بار و بۆنەی تایبەتدا ئەرکی جیاوازی هەیە, کە ئەمەش دەچێتە چوارچێوەی رستەی باسمەندەوە, کە قسەکەر چیی بەلاوە گرنگ بێت، دەهێنێتە سەرەتاوە.

## ٢-گوتار و دەوروبەر

بیروبۆچۆنی دەوروبەر لە ساڵانی سییەکاندا سەریهەڵدا، کاتێک گرنگیی بە کۆمەڵ و پێوەندیی کۆمەڵایەتیی درا، کە مرۆڤ بە هۆی زمانەوە لە ئەندامانی کۆمەڵەکەی بگات و تێیان بگەیەنێت ( عبداللە عزیز :١٩٩٠,ل٤٤). ئەم چەمکە دەگەڕێتەوە بۆ توێژینەوەکانی مالینۆفسکی (١٨٩٨/ ١٩٤٢) دەربارەی واتا و دەوروبەر. ((مالینۆفسکی رستەی وەك دانەی سەرەکی زمان و، هاوکاتیش وەك ئامرازێکی کۆمەڵایەتیی زۆر گرنگ دادەنا. لەم رووەوە زمانیشی وەك دیاردەیەکی تایبەتی رەوشتکاریی لەبەرچاوەدەگرت, نەك وەك هێمایەک کە لەگەڵ هزردا بە یەکسان دابنرێت. پێی وا بوو واتای هەر قسەیەك تەنیا لەباری دەوروبەرەکەیدا دیاریدەکرێت و، بۆیە واتای لەگەڵ بەکارهێناندا بەیەکسان دادەنا)) (مشکوة الدینی: ١٣٧٣, ل١١٣).

فیرس، تیۆرەکەی مالینۆفسکی سەبارەت بە وەسفکردنی واتا وەرگرت و، بەم پێیە, باری دەوروبەری وەک بنچی وەسفکردنی واتا لە قەڵەمدا و، لە توێژینەوەیەکی خۆیدا بەکاریهێنا و، بەم کارەشی کە دەڵێت: واتا لە دەوروبەردا هەموو وەسفکردنی زمانەوانی وەك دەربڕینی بریاڕی چاودێرانە بەسەر واتادا لە قەڵەمدا)) (روبینز: ١٩٦٧ل٤٤٧). بەمجۆرە ئاشکرایە, کە پێوەندیی زمان و سروشتی کۆمەڵایەتیی مرۆڤ و لە ئاکامدا زمانەوانیی کۆمەڵایەتیی بەشێوەیەکی کاریگەر لە تیۆری زمانەوانیی فیرس دا بەرجەستە دەبێت.

«هالیدەی» زمانەوانییەکەی لە ژێر کاریگەری فیرس دا بە ئەنترۆپۆلۆژیەکەی مالینۆفسکییەوە گرێدەدا، کاتێک کە دەڵێت: ((زمان دەبێتە زمان بە هۆی بەکارهێنانی لە باری دەوروبەردا. هەرچیی تێدایە بە دەوروبەرەوە بەستراوە )) ساجیدة عبدواللە : ٢٠٠٣, ل١٢).)

بەپێی سیستمی ئەرکی تیۆری هالیدەی (١٩٦٦) لە تاوتوێکردنی باری دەروبەر، دەبێت سێ پرسیار وەڵام بدرێتەوە, سەرەتا پێویستە بزانین (کێ؟) لە گوتارەکەدا بەشدارە و، بابەت (چیی؟) یە و پەیامەکان (چۆن؟) دەگەن, ئەمانە سێ چەمکی باری دەوروبەرن.

هالیدەی لە (١٩٨٥) چەمکی باری دەوروبەر گەشە پێدەدات و، لە شیکردنەوەی دەق دا ڕێگایەکی جیاواز دەگرێتەبەر کە لە سێ بیرۆکەدا خۆی دەبینێتەوە:

١-بابەت : ئەو بابەتانەی زمانیان تێدا بەکار دێت .


٢-پلەو پایە و پێوەندیی کۆمەڵایەتیی ئاخێوەران و ئەرک و ڕۆڵی هەر یەکێکیان.

٣-شێواز : شێوازی بەکارهێنانی زمان وەک (شێوازی قسەکردن و نووسین)، هەریەک لەمانە بۆ چەندیین بۆنە بەکار دێت و، هەریەک لەو بۆنانە کار دەکەنە سەر زمانەکە لە ڕووی هەڵبژاردنی وشە و جۆری ڕۆنان و ........ هتد ( ساجیدة عبداللە:٢٠٠٣, ل١٤).

## ٣-باری دەوروبەرو جۆری گوتار

بەپێی پێوەرەکانی هالیدەی, فێرکلاف (١٩٨٩) چوار بواری سەرەکیی بار، لە چوار پرسیاردا دەستنیشان دەکات. پرسیارەکان ئەمانەن: ڕووداو ( ەسەرهاتەکە) چییە؟ بەشدارەکان کێن؟ پێوەندییەکانی نێوانیان چییە؟ ئەرکی زمان لە پرسیاری یەکەم دا (ڕووداوەکە) دا کێیە؟

بێگومان باری دەوروبەری هەر گوتارێکی تایبەت پێوەری کۆمەڵایەتیی و پێوەندییەکانی دەسەڵات لە بەرزترین ئاستی کۆمەڵایەتییدا دەگرێتەوە, هەروەک چۆن وا باوبووە, کە تاکە ڕستەیەک بەشێوەیەکی هاوپێچ هەموو کۆمەڵگە بگرێتەوە, ئەم وتەیە وتەیەکی ڕاستە، چونکە ستراتیژییە بنەماکانی پۆلێنکردنی کرداری کۆمەڵایەتیی و گوتاریی و کاروبارەکانی تر لەسەر ئەوان دامەزراون ( فێرکلاف :١٩٨٩,٢٣٠).




هێلکاری ژمارە (١)

لێرەدا بـۆ زیاتـر روونکردنـەوە و پیشـاندانی ئەرکـەکان، بەشـێك لـە گفتوگـۆی نێـوان ((دادوەرێـك)) کـە لـە یەکێـک لـە رۆژنامـە کوردییـەکان دا بڵاوکراوەتـەوە و تاوانبارەکـەش( صـدام حسـین) ە، کـە مەبەسـتی سـەرەکیی بریتییـە لـە خسـتنەڕووی ئـەو پێـوەر و ئەرکانەیـە کـە لـە گفتوگۆکـەدا بـەکار هاتـوون و، بیکەینـە بنەمـا بـۆ شـیکردنەوەی بابەتەکـە. دادوەر پرسـیاری نـاوی تۆمەتنارەکـە دەکات.

-تۆمەتبار (بەسەر سوڕماوی سەیری دەکا و وەڵام ناداتەوە)

-دادوەر: تۆ صدام نیت؟

-تۆمەتبـار لـە وەڵامـدا: مـن سـەرۆك کۆمـارم و پابەنـدم بـەم نازنـاوە, چونکـە ڕێزگرتنـە لـە ئیـرادەی گەلـی عێـراق, کـە هەڵیبژاردووم.

-دادوەر: لە کوێ نیشتەجێی؟

-تۆمەتبار: من لە هەموو ماڵێکی عێراقیی دا نیشتەجێم....

-تۆمەتبار: بە چ یاسایەك دادگایم دەکەن؟

-دادوەر: بەپێی یاسای عیراقیی

-تۆمەتبار: بەو یاسایەی کە خۆم ئیمزام کردوە

-تۆمەتبـار: دادگا شـانۆگەرییە و ئامانـج لێـی بەرزکردنـەوەی پشـکی جـۆرج بـۆش- ی سـەرۆکی ئەمریکایـە، بـەر لـە هەلبژاردنـی ئەمریـکا, دادگاکـەی بـە گاڵتەجـاڕ وەسـف دەکات.

-دادوەر: تاوانەکانت بۆ دەخوێنمەوە .

-تۆمەتبـار : چـۆن بـە حوکمـی پێـش وەخـت حوکمـم بەسـەردا دەدەیـت و، مـن هێشـتا دادگایـی نەکـراوم, لەبـەر ئـەوە ئەوانـە تۆمەتـن و تـاوان نیـن.

## ١-بەشدارەکان کێن؟

لـە هەمـو رووداوێـك دا دوو پرسـیار دەوروژێنرێـت: (کەسـە بەشـداربووەکان کێـن + جـۆری پەیوەندییەکانیـان) بێگومـان ئـەم دوو پرسـیارە زۆر لێـك نزیکـن, هەرچەنـد لەکاتـی شـیکردنەوەدا جیـاوازن:

لە پرسیاریاری یەکەمدا هەوڵدەدرێت (پلـە و پایـە و پێگـە)ی بەشـداربوو دیارییبکرێـت, کـە بەپێی بارەکـە دەگۆڕێت. پلـەو پایـەش بۆخـۆی چەنـد لایەنێکە:

١- لـە جـۆری چالاکییەکـەوە پەیـدا دەبـت, کـە (دادگاییکردنـە) ە لـە رێگـەی گفتوگـۆوە. لـە گفتوگـۆدا دوو پێگـەی بەشـدار بـوو, کـە قسـەکەر (دادوەر) و قسـەلەگەڵکراو ( تۆمەتبـار)ە بەشـدارن.

٢- دامـەزراوە کۆمەڵایەتییەکـە (دادگاکـە) دیارییکـردن و، پیشـاندانی ناسـنامە و، شوناسـی ئـەو بەشـدارانەیە کـە لـە چوارچێـوەی دامەزراوەکـەدا چالاکـن، کـە ئـەم نموونەیـە رووبەڕوبونـەوەی (دادوەریـك ) و (تۆمەتبارێـک) ە, کـە پێشـتر تۆمەتبـار حاکمێـك و دەسـەڵاتدارێك بـووە و، تاوانـەکان بـە فەرمانـی ئـەو کـراون و ئێسـتا حاکمێکـی لێکەوتـووە.

٣-رۆڵ و پێگـە و پلەوپایـەی قسـەکەر و گوێگـر, وتاربێـژ, جیاوازیـان هەیـە بـە پێـی ئـەو بارودۆخـەی ئێسـتا, بـە شـێوەیەکی ئاسـایی (دادوەر و تۆمەتبـار ) یەکێکیـان قسـەکەر و ئـەوی تریـان گوێگـرە. بـەڵام لـەم نموونەیـەدا تۆمەتبـار

بـە پێـی پێگـە و پلەوپایـەی پێشـووی (فەرمانڕەوایەتـی) جێگـەی قسـەکەر دەگرێتـەوە.
بۆیـە؛ بـە پێچەوانـەی کەسێکی ئاسـایی کـە لـە بـەردەم دادگادا ملکەچـی هەمو یاسـا و ڕێسـاکانە و وەڵامی پرسـیارەکان دەداتـەوە و هەسـت بـە تاوانەکـەی دەکات, لێـرەدا تۆمەتبـار هەسـت بـە تاوانـی خـۆی نـاکات و، سـەرپێچی یاسـا دەکات و، بـەم شـێوەیە وەڵام دەداتـەوە :
أ-تۆمەتبـار لـە پرسـیاری ناوەکـەی دا وەڵام ناداتـەوە, ئەگـەر بیداتـەوە بـە نازناوەکـەی دەیداتـەوە, نـەك بـەو نـاوە کـە پێنـاسی ئـەو دەردەخـات.
ب-تۆمەتبـار گفتوگۆیەکـی بەرگریکەرانـە دەسـتپێدەکات و، شـوێنی نیشـتەجێبونی بـۆ نـاو کۆمەڵانـی خەڵکـی عێـراق دەگێرێتـەوە و، بـاس لـە پێگـەی کۆمەڵایەتیـی خـۆی دەکات.
پ- تاوانبــار پێگــەی خــۆی لــە گوێگــرەوە بــۆ قســەکەر دەگوازێتــەوە و، قســە بــە دادوەر دەبڕێــت و، ڕۆڵــەکان دەگۆڕێتــەوە و لــە جیاتــی وەڵامدانــەوە، پرســیار دەکات.
ت-تۆمەتبار هیچ بەهایەك بۆ یاسا و دادگا دانانێت و، بە گاڵتە پێکردنەوە سەیری دادگا دەکات.

## ٢ : پێوەندییەکانی نێوان بەشداران چییە؟

لــەم نمونەیــەدا تایبەتمەنــدی نێــوان (دادوەر) و (تاوانبــار) ســەرنجی مــرۆڤ رادەکێشــێت. لــە روانگــەی ئــەو دادوەرەوە، شرۆڤەکردنـی قسـەکانی تاوانبـار لـە چوارچێـوەی رۆتینیاتـی یاسـایی زۆر گرنگـترە لـەوەی پێشـتر کـێ بـووە و، پێگـە و پلەوپایـەی چیـی بـووە و، حاکمـی کەوتـووی وڵاتێکـی داگیرکـراوە و بۆتـە گەمـەی پڕوپاگەنـدەی سـەرۆکی ئەمریـکا.

## ٣ - ئەرکی زمان چییە؟

لێـرەدا زمـان بـۆ وەرگرتنـی زانیاریـی لـە تاوانبـار سـودی لـێ وەرگیـراوە. ئـەو زانیاریيانـەی کـە بەڵگەکردنیـان زۆر پێویسـتە و، بەشـێکە لـەو دیکۆمێنـت و بەڵگانـەی کـە لـەم پێوەندییـەدا دەبێـی کۆبکرێتـەوە. بـەم پێیـە؛ زمـان نـە تەنیـا ژانەرەکـە دیاریـدەکات – کـە لـەم بـوارە تایبەتـەدا گفتوگۆیەکـی ئاشـکرای بەدەسـتهێنانی زانیارییـە, بەڵکـو کەناڵـی پێوەندییەکـەش دیارییـدەکات, واتـە زمانـی ئاخاوتـن یـا نووسـین بەکارهاتـووە. لێـرەدا گفتوگۆکـە بـە نـووسراو نەکـراوە, رووداوەکـە لـە رێگـەی گفتوگۆیەکـی رووبـەڕوو و بـە شـێوازێکی ئاڵـۆز کـراوە, کـە ئـەوەش مانـای وایـە دادوەر دەیەوێـت چاودێـری لایەنـە جۆراوجۆرەکانـی کێشـەکە بـکات, چونکـە زانیارییـەکان کاتێـك باوەڕپێکـراو دەبـن، کـە لەلایـەن دادگاوە پێداچونەوەیـان بـۆ بکرێـت و چاودێریـی بکرێـن.
پێویسـتە ئامـاژە بـەوە بکەیـن بـاری دەوروبـەری هـەر گوتارێکـی تایبـەت، پێـڕەوی کۆمەڵایەتیـی و پێوەندییەکانـی دەسـەڵات لـە بەرزتریـن ئاسـتی کۆمەڵگـەدا دەگرێتـەوە, بۆیـە ئایدۆلۆژیـا و پێوەندییەکانـی دەسـەڵات کاریگەرییەکـی زۆریـان لـە سـەر شرۆڤەکـردن و بەرهەمهێنانـی گوتـاردا دەبێـت, چونکـە لـە شـێوازەکانی شرۆڤەکـردن- بـارە کۆمەڵایەتیـەکان دا جێگیـرن و بـەردی بناغـەی هـەر ئاسـتێکی شـیکردنەوە پێکدەهێنـن.
هـەر گوتارێـك بـۆ خـۆی سـنووری بەشـدارەکان و پێوەندییـەکان دیاریـدەکات و، لـە رووی واتـاوە (واتـای هۆشـەکی نوانـدن و پێوەندییـەکان لـە رێگـەی گوتـارەوە زەمینـەی دەرکەوتنیان بۆ دەرەخسێنێ و سنوورەکانیان دیارییدەکرێت).
بەشـدارەکان لـە لایـەن کەسـە بەشـداربوەکان و پێوەندییەکانـی نێـوان بەشـدارەکانەوە دەستنیشـاندەکرێن و پێوەنـد/

بەستنەوەکانیش لەلایەن ئەرکی زمان لە رووداوەکە دەردەکەون. ئەم پێوەندیی و بەستنەوانە دەتوانن دوو بەش بن یەکەم: ئەو شێوازانە, کە دەق بە باری دەوروبەرەوە دەبەستێت. دووەم: ئەو بەستنەوەیە لە نێوان پارچەکانی دەقێك دا دادەمەزرێت (بەستنەوەی زمانیی و جگە-زمانیی).

بەستنەوە: ئەو پێوەندییانە دەگرێتەوە, کە واتای وتنەکە لە گوتارێکدا یا رستەکانی دەقێك دا بەیەکەوە بەستراونەتەوە . ئەم بەستنەوانەش پێوەندیی بە زانیاری ئاخێوەرانەوە هەیە. وەك:

- تۆ صدام نیت ؟

- من سەرۆك کۆمارم و پابەندم بەم نازناوەوە ....

دیارە ئەم شێوازە وەڵامدانەوەی تۆمەتبارە لە کاتی خۆناساندن دا, کە بە نازناوەکەی خۆی دەناسێنێت لە زانیاریی هاوبەشی هەر دوولا سەرچاوەی گرتووە و ئەم جۆرە گوزارشتەش ئەوە دەگەیەنێت, کە تۆمەتبار کەسێکی ئاسایی نییە و (صدام حسین سەرۆك کۆماری عیراق) ە. لێرەدا تۆمەتبار مەستێتی پلە و پایەی خۆی بەرز بنرخێنێت و بە شێوەیەك رۆڵی خۆی لە گوێگرەوە بۆ قسەکەر دەگوازێتەوە و، بە شێوەیەك خۆی پێشکەش دەکات , کە پایەی صدام ( سەرۆك کۆمار) بەسەر ئەو دامەزراوە یاسایەدا هەیە، کە ئێستا دادوەر لەبەردەمی پەیڕەویی دەکات ئەویش بە دەربرینی (ئەو یاسایەی خۆم ئیمزام کردوە), کە من پلە و پایەم لە تۆ بەرزترە هەرچەند دادوەر بیت.

کەواتە، سەرەڕای بەستنەوەی واتایی, هاوکات بەپێی ئەو دەربڕینانەش جۆریك لە زانیاریی لە پێشینەی نێوان بەشداربووان دەستەبەردەبێت. هەروەك کاتێك کەسێك داوا دەکات (پەنجەرەکە دابخە). دیارە لێرەدا پەنجەرەیەك بوونی هەیە کە قسەکەر و گوێگر بە کردەکە ئاشنا دەکات. بێگومان ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەرکی هۆشەکیی زمان . بەڵام ئەگەر تۆمەتبار شێوازی ئاسایی و یاسایی گوتارەکەی رەچاو بکردایە و، پرسیارەکانی بە پێی پێڕەوی گوتار و پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی خۆی و دامەزراوەکە ( دادگا) ی وەڵام بدایەتەوە, لێرەدا ئەگەر هاتوو ئەرکی زمان لە باری ( هۆشەکیی/ تەجرببیەوە) بۆ بواری نێوان کەسیی بگۆڕدرایە, چونکە لەباری دوهەمیان دا بەستنەوەکە پێویستی بە هەمئاهەنگیی دادوەر و تۆمەتبار لە چوارچێوەی ماف و یاسا و ئەرکە گوتاریی و کارەکییەکان دا هەیە, رێکخستنی ناونیشانی باسەکە, مافی پرسیارکردن و ئەرکی وەڵامدانەوە, ئەو مافانەن, کە پێوەندییان بە رێکەوتنی دەرەوەی پێوەندییکردنەوە هەیە, هەروەك پێوەندیی مامۆستا و خوێندکار لە کاتی پرسیارکردن و وەڵامدانەوە.

## ٤-گوتار وەك پێکهاتەیەکی زمانیی

لە رووی میژوییەوە، شیکردنەوەی گوتار هەروەك زمانەوانی نوێ، بەشیکردنەوەی ئاستێکی جیای دەربڕین، واتە دەنگ و نیشانە دیارەکانی (پیتەکانی ئەلف و بێ, ژمارەکان, رەنگەکان و هتد..) لەسەر کاغەز یا تەختە یان (نیشانە ئەلکترۆنییەکان لەسەر شاشەی کۆمپیوتەر) دەستپێدەکرێت. ئەمە شێوازی بەکارهێنانی زمانە لەکاتی قسەکردن, نووسین, بیستن یان خوێندنەوەدا.

لە رێزمان دا، کەرەستەکانی رستەیان پێکهێناوە بە شێوەیەکی تایبەت بە دوای یەکدا ریزکراون و، بە پێی پەیوەندییان رێککەوتون, هەندێك لەم کەرەستانە واتادارن و هەندێکی تریان بێ واتان.

بەم پێیە ئەگەر پەسنی پێکهاتەی گوتار بکەین, پێویستە بە زنجیرە رستەیەك پەسنی بکەین, کە بەدوای یەکدا

ریزبـوون, هەندێـك لـەم زنجیرانـە گوتـاری بەندکـراوە و، واتـادارە و، پەسـەندن و، هەندیکـی تریـان بەپێچەوانـەوە.
لـەم سـۆنگەیەوە، ئەگـەر بمانەوێـت گوتـار وەك پێکهاتەیەکـی زمانیـی وەسـفبکەین، دەبێـت بەپێـی زمانەوانیـی نـوێ پێویسـتە ئاماژە بـە ئاسـتەکانی شـیکردنەوەی گوتـار بکەیـن.

## ١. ئاستی فۆنۆلۆژیی

لــەم ئاســتەدا جەختدەکەینــە ســەر پێکهاتــەی رووتــی دەنگــەکان لــە گوتــاری زارەکیــی دا (چۆنێتیــی درکانــدن, هێزخستنەسـەر, ئـاوازی رسـتە, بـەرزی دەنـگ و سـیما دەنگییەکانـی تـر)، لـە بەدیهینانی جـۆری رۆنانی گوتـاردا تاوتوێ بکەیـن, دەنگـەکان دەتوانـن رسـتەکان پێکـەوە پێوەندبکـەن بـۆ نموونـە لـە رێگـەی (هێزدارکردنـی بەرامبەرێتیـەوە). کـردە قسـەییەکان وەك پرسـیارەکان سـەرەتا و کۆتایـی پارچـە گوتارێـك دیاریـی بکـەن، یـان دەربـڕی گـۆڕان بـن لـە قسـەکەرەوە بـۆ وەرگـر یـان بـە پێچەوانـەوە.
لـە زمانـی کوردیـی دا، لـە رووی واتـاوە هـەر وشـەیەك بـۆی هەیـە جەختـی لەسـەر بکـرێ و هێـزی سـەرەکیی رسـتەی بدرێتـن. بـۆ نموونـە کاتێـك گرنگیـی بـە ئەرکـی وەسـفیی وشـە بدرێـت:

١-دەزانی ٢- تۆ دەزانی ٣- تۆ کوردیی دەزانی ٤-تۆ کوردی باش دەزانی

لــە هــەر رســتەیەك لەوانــەی ســەرەوە، وشــەیەك هێزێکــی ســەرەکیی وەرگرتــووە بــۆ مەبەســتی دوپاتیــی, ئــەوە بەکاردێـت بـۆ بەرامبـەری مانایـەك لەنـاو رسـتەی هەواڵـدان دا، لەگـەڵ مانایەکـی تـری بەراوردکـراو کـە دەربـڕاوە یـان بـە شـاراوەیی وتـراوە (واتـە یـان دەرنەبـڕاوە). لـەو دۆخـەدا هێـز لەگـەڵ رەوتـی بـەرز یەکانگییـر یـان (کارلێـك) دەکات. ئــەم جــۆرە هێــزە دوپاتییــە هێــزی ســەرەکیی بەرامبەرییــە, هــەر وشــەیەك دەتوانێــت بــۆ مەبەســتێکی دیارییکـراو بەپێـی خواسـتی قسـەکەر، هەمـوو مانایـەك وەربگرێـت کـە بیەوێـت رەتـی بـکات یـان دووپاتـی بخاتـە سـەر. گواسـتنەوەی ئـەم جـۆرە هێـزە لـە وشـەیەکەوە بـۆ وشـەیەکی تـر پێدەچێـت ببێتـە هـۆی دروسـتکردنی رۆنانـی جیـاواز و دەگۆڕێـت. (رەحـمان اسـماعیل :١٩٩٨,ل٩٨) .
لـە ئاخاوتنـی ئاسـایی دا، ئـەو بەشـە لـە ( دەق - رسـتە) ناوەرۆکـی سـەرەکیی تێدایـە و، لـە رێگـەی هێـزەوە بەرجەسـتە دەکرێـت. وەك لـە رسـتەی (مـن چـووم بـۆ زانکـۆ) ئەگـەر هێـز بکەوێتـە سـەر (مـن) واتـە (مـن چـووم بـۆ زانکـۆ نـەك کەسـێکی تـر), وە ئەگـەر هێـز بکەوێتـە سـەر (زانکـۆ) واتـە (مـن چـووم بـۆ زانکـۆ نـەك بـۆ جێگایەکـی تـر) , کاتێـك هێـز دەکەوێتـە سـەر (چـووم) واتـە (کردەکـەی مـن چـوون بـۆ زانکـۆ بـووە نـەك کارێکـی تـر). لـە رۆژنامەنوسـیی (زمانـی نووسـین) دا هێـزەکان و جەختکردنـەکان لەسـەر ناوەڕۆکـی سـەرەکیی و راکیشـانی سـەرنجەکان بـە شـێوەیەکی سـتراتیژیی بـۆ ئاماژەکـردن بـە واتـای دیارییکـراو بـەکار دیـت.
لێـرەوە تێدەگەیـن؛ کـە (واتـا) شـوێنی نییـە و لـە هەمـوو ئاسـتەکانی زمـان (گوتـار) دا بڵاوبۆتـەوە, چونکـە وەکـو دانـە کار نـاکات, بەڵکـو وەکـو مادەیـەك لەنـاو زمانـدا بڵاوبۆتـەوە، واتـا لـە «مۆرفیمـی بەنـد»ەوە دەسـت پێـدەکات, چونکـە مۆرفیـم ئەرکـی هەیـە و واتاشـی هەیـە, جیـاوازی لـە نیـوان واتـا و ئـەرك دا ناکرێـت و، هەرچـی ئەرکـی هەبێـت بـەو مانایەیـە کـە واتـای هەبێـت. بـۆ نموونـە لـە رووی فۆنۆلۆژییـەوە دەبینیـن لـە زمانـی کوردیـی دا ئـەو ئاوەڵناوانـەی بـە (ت) دەسـتپێدەکەن بەشـێکی بەرچاویـان بـە بـاش نانرخێندرێـن:
(تونـد, تاریـك, تەسـك, تەنـگ, تـاڵ) هەموویـان ئامـاژە بـۆ بارێکـی ناخـۆش دەکـەن, یـان ئـەو ئاوەڵناوانـەی بـە (هـی) دەسـت پییدەکـەن وەك : (هێـواش, هێمـن, هێدیـی) یـەك واتایـان هەیـە.

## ٢. سینتاکسی گوتار

لـە شـیکاری گوتاریـی دا، هـەروەك سینتاکسـی زمانەوانیـی، دەکرێـت گرنگیـی بدرێـت بـە پێکهاتـەی رسـتە (ریزبوونـی کەرەسـتەکان و پەراگرافـەکان) کـە لـە سـینتاکس دا شـیکاریان بـۆ دەکرێـت, بـە پێچەوانـەی رۆنانکارەکانەوە لـە شـیکاری گوتاریـی دا سـنووری رسـتە دەبـڕن و، تیشـکۆدەخەنە سـەر چۆنێتیـی کاریگـەری رسـتەکانی دەوروبـەر بەسـەر گفتوگـۆ و رسـتەکانی نـاو دەقێـک دا, لـە تێڕوانینـی گوتارییـەوە بـۆ رسـتە, پێکهاتـەی رسـتەکان دیاردەیەکـی رێژەییـە, هـەرکات رسـتەیەک ببێتـە بەشـێک لـە زنجیـرەی گوتـاری رسـتەکان, ئەگـەر ناتەواوییەکیـش هەبێـت لـە رستەکەدا, ئـەوا ئاسـایی دەردەکەوێـت, چونکـە ئـەو زانیارییـەی کـە ئاماژەی پێنـەدراوە و دیـار نییـە بـە روونیـی, ئـەوا لـە رسـتەکانی پێـش خـۆی هاتـووە. بـۆ نموونـە :

١-ئەم بابەتە بۆ خەڵکی عێراق و سەرکردایەتیی عێراق جێهێڵراوە.

((وێـڕای سـوپاس بـۆ رۆڵـی پێشـمەرگەی کوردسـتان لـە پرۆسـەی ئازادیـی عێـراق دا، دۆناڵـد رامسـفیلد وەزیـری بەرگریـی ئەمریـکا، دەربـارەی مانـەوەی هێـزی پێشـمەرگە وەک هێزێکـی نیشـتمانیی وتـی:

ئـەم بابەتـە بـۆ خەڵکـی عێـراق و سـەرکردایەتیی عێـراق جێهێڵـراوە. بـە تایبەتیـی لـە کاتـی داڕشـتنی دەسـتووردا، کـە بـە چ شـێوەیەک ئەمجـۆرە بابەتـە چارەسـەر دەکـەن و، بـە چ شـێوەیەک دەسـتوور دادەڕێـژن)).

ئـەم رسـتەیە لـە رووی رێزمانییـەوە، سـەرجەم کەرەسـتە پێکهێنەرەکانـی (بکـەر, بـەرکاری راسـتەوخۆ, کار) ی تێدایـە, بـەڵام لـە رووی گوتارییـەوە نارێزمانییـە, چونکـە زانیارییـە پێشـینەکانی خراوەتـەلاوە و نەنـووسراوە, بەڵکـو لـە رسـتەکانی پێشـتر و دواتـردا هاتـوون.

دەسـتەواژەی (ئـەم بابەتـە ) دەبێتـە باسـی رسـتەکە, کـە لـە رسـتەی پێشـتردا خواسـتی رسـتە و زانیاریـی نـوێ بـووە و ئێسـتا بووەتـە زانیاریـی کـۆن و لـە رێـی ئامـرازی لکاندنـی رێزمانـی (ئـەم) وە دەگەڕێتـەوە بـۆ ( مانـەوەی هێـزی پێشـمەرگە) و ئـەم رسـتەیە بەسـتراوە بـە کەرەسـتەکانی تـری نـاو گوتارەکـەوە, لـە لایەکـی تـرەوە (رامسـفێلد) دەسـتەواژەی ( ئـەم بابەتـە) لـە تاکـەوە بـەرەو کـۆ دەبـات و هێنانـی فرێـزی نـاوی (ئەمجـۆرە بابەتـە) پێوەندیـی بـە زانیاریـی هاوبەشـی خـۆی و گوێگرەکانییـەوە هەیـە, وەک زانیاریـی پەراوێزخـراو دادەنرێـت و، ئەمـەش دەشـێت پێوەندیـی بـە دەرەوەی ئـەم دەقەشـەوە هەبێـت. بـۆ نموونـە (میلیشـیا عەرەبـەکان) ی مەبەسـت بێـت و بـۆ کۆکردنـەوەی بیەوێـت وەک یەکیـان دابنێـت.

لێرەدا دەتوانیـن بڵێیـن لـە رووی رێزمانییـەوە (ئـەم بابەتـە) لـە جێـی ( هێـزی پێشـمەرگە) هاتـووە و، ئەگـەر رسـتەی ناوبـراو بەتەنیـا و بەجیـا لەدەقەکـەی بەکاربێنیـن, ئـەو کاتـە رسـتەکە تێگەیشـتنی ئاڵـۆز دەبێـت, هـەروەک لـە پێکهاتـەی رسـتەیەکدا تەنیـا (کارێـک) هەبێـت, لێـرەدا نـەک تەنهـا نارێزمانییـە, بەڵکـو تێگەیشـتنی گرانـە و دژوارە. بێگومـان ئـەم ریزبوونانـە ئارەزوومەندانـە نییـە , چونکـە هـەر رسـتەیەک بـە رێـژەی رسـتەکانی تـری نێـو گوتـار، ئەرکـی جیـاواز دەبینـن, چەنـد لایەنـی رێزمانیـی لـە پێکهاتـەی رسـتەکانی نێـو گوتـاردا گرنگـە, ئەوەنـدەش سینتاکسـی گوتـار لـە رووی (ریزبوونـی وشـەکان و پێکـەوە هاتنیـان) گرنگـە.

به دوای تەقینەوەکەی ٤ ی مایسی هەولێر دەنگی ناڕەزایەتی رووی لە زیادیی کرد

↓ ↓

(باس / زانیاریی کۆن) ( خواس/ زانیاریی نویێ)

لە زمانی کوردیی دا درووستەی فرێزی ناویی، زیاتر ئەو زانیارییانە دەخاتە روو کە خوێنەر پێشتر شارەزایی لە بارەیانەوە هەیە و، زانیارییەکان کۆنن و بەستراونەتەوە بە دەوروبەری رووداوەکە خۆیەوە. بەو پێیە لەو رستەیەی سەرەوەدا دەستەواژەی (تەقینەوەکە) ی هەولێر، لە ڕێگەی راگەیاندنی هەواڵەکە لە پێشتردا بە گوێگر، کە بە زانیاریی نویێ ئەژمار دەکرێت و، بناغەکەی (باس/زانیاریی کۆن) ە کە ( خواس/ زانیاریی نویێ ) ی لەسەر بنیاتنراوە .

(( کۆن و نویێ یان (دراو و نویێ) پەیوەندیی راستەوخۆی بەو زانیارییەوەیە کە لە دو توێی رستەکەدا دێت, واتە کاتێک بەکاردێی کە رستەکە وەک یەکەیەکی زانیاریی گەیاندن تەماشا بکرێت. لەم بارەدا (باس) زانیاریی (کۆن) یان (دراو) دەدات و ( خواس) یش زانیاریی نویێ یان نەزانراو, بەڵام ئەمە تەنیا لەو کاتانەدا دەبێ کە (باس) نیشانە نەکراوبێت یان ئاسایی بێت unmarked theme)) ساجیدە عبداللە:٢٠٠٣,ل٦٤.

لە رستەی هەواڵدان دا (بکەر) بە زۆری بەشی پێشەوەی رستە دەگرێت و دەبێتە باسی نیشانە-نەکراو یان ئاسایی. بۆ نموونە:

١-رامسفێلد لەگەڵ سەرۆک کۆماری عێراقی فیدراڵ کۆبووەوە.

٢-فڕۆکەیەکی جەنگیی ئەمریکایی لە فەلووجە کەوتە خوارێ.

٣-هێزە هاوپەیمانەکان ٤٩٤ گیراویان ئازاد کرد.

ئەم رستانەی سەرەوە لە جۆری (هەواڵدانە), کە وشەکانی (رامسفیلد, هێزە هاوپەیمانەکان ,فڕۆکەیەکی جەنگیی ئەمریکایی) بوون بە باسی نیشانە- نەکراو و رۆڵی بکەر دەبینن, بەو پێیەی لە زمانی کوردیی دا بکەر بە زۆری بەشی پێشەوەی رستە دەگرێت. بەڵام لە نموونەی نیشانەکراودا (باس) زانیاریی نویێ و (خواس) یش زانیاریی زانراو/ کۆن دەدات بەدەستەوە . بۆنموونە:

-ئەرێ، کەی پەرلەمانی کوردستان کۆ دەبێتەوە؟

أ- پەرلەمانی کوردستان سبەینێ کۆدەبێتەوە

↓ ↓ ↓

باس نویێ کۆن

خواس

ب- سبەینێ کۆدەبێتەوە

↓ ↓

باس/نوێ خواس/کۆن

(( زمانی کوردی بە زۆری (بکەر و باس) لەیەک کەرەستەدا دەگەیەنێت, ئەمە نەک هەر لە رستەی بکەردیاردا, بەڵکو لە رستەی بکەر نادیاریشدا دەردەکەوێت, کە تێیدا بەرکاری رستەی دیار دەچێتە پێشەوە (شوێنی بکەر) و دەبێتە بکەر و باس لە هەمان کاتدا:

١-خانوەکەت فرۆشرا ٢-ئەم کارە بە من ناکرێ

بەراوردی ئەم رستانە لەگەڵ رستەیەکی وەک:

٣-سەدامی دیکتاتۆر راپێچی عەدالەت کرا

لێرەدا وشەکانی (خانوەکە +ئەم کارە +سەدامی دیکتاتۆر) بکەری رستەکانیان پێکهێناوە, دەتوانین بە باس بیناسێنین و، بەپێی کۆن و نوێ ی زانیاریی رستەکە دابڕژرێتەوە.

## ٥- پێوەرەکانی دەقی هەواڵ

ریزبونی ڕستەکان و گرێدانیان بە زنجیرە رستەکانی پێش و دوای خۆیان واتایەک پێک دەهێنێت, ئەم واتایەش پشت بە واتای رستەکانی تری هەمان دەربڕین دەبەستێت، لە ئەنجامی ئەم زنجیرە بەیەکداهاتووانەی رستەکان کەرەستەیەکی گەورەتر دروست دەبێت کە بە دەق ناوزەند دەکرێت و دەقیش بە یەکەی تیۆریی گوتار دادەنرێت.

یەکێک لە ژانەرەکانی رۆژنامە (هەواڵە) و دەچێتە ژێر چەتری گوتاری راگەیاندن و، هەواڵیش بە هۆی رەگەز و بەهاکانیەوە پێکهاتەیەکی یەکگرتوو بە ناوی (یەکێتی هەواڵ) دروست دەکات, کە هەوڵەکە دەکاتە یەک پارچە و دەقەکە بۆ بەشداربونی لە پرۆسەی پێوەندییکردن دا ئامادەدەکات.

لێرەدا دەمانەوێت رەگەزە پێکهێنەرەکانی هەواڵ و، ئەو ئامراز و پێوەرانەی کە کاریگەریی دەق و مەبەستی نووسەر دەگەیەنێت، دەخەینەڕوو, ئەو پێوەرانەش بریتیین لە:

### ١-لکاندن

دەق لە چەند رستەیەکی بەدوایەکداهاتوو پێک دێت, بۆ ئەوەی ئەم رستانە بەیەکەوە بلکێن, پێویستیان بە هەندێ ئامڕازی جیاواز هەیە بکەونە نێوان ئەم رستانەوە و بەیەکەوە بیانبەستێتەوە. بەو پێیەی لێکدانەوەی زۆربەی یەکەکانی نێو هەر دەقێک لکاوە بە یەکەکانی تری هەمان دەقەوە, ئەمەش دەبێت بە پێوەرێک بۆ تێگەیشتن لە پێوەندیی یەکەکان بە جۆرێک کە ئاستەکانی زمان: (دەنگسازیی و، وشەسازیی و، واتاسازیی) رۆڵی خۆی دەبینێت. ئەم پێوەرانەش لە نێو دەقدا کارئاسانی بۆ باشترگەیاندنی مەبەستی رۆژنامەنوس دەکات. (haliday and hasan,١٩٧٦,p١٠). لێرەدا ئامرازە رێزمانیەکانی ( ئاماژەدان, لەبرییخستن, کرتاندن) رۆڵی بەرچاوی هەیە.

## ٢-ئاماژە

کۆمەڵێ نیشاندەری پراگماتیکیی لە دەق دا خۆیان دەنوێنن و بە هۆیانەوە ئەو پێوەندییە پێویستەی نێو دەق دروست دەکات. دیارە بەدەگمەن دەق خاڵیی دەبێت لەو نیشاندەرانە. لە هەموو زمانێکیشدا ئەم چەشنە مۆرفیمانە بەدییدەکرێن, کە تایبەتمەندیی نیشاندەریان تێدایە. هالیدەی و حەسەن ئەم نیشاندەرانەیان بۆ جێناوە کەسییەکان و ئامرازی نیشانە و مۆرفیمەکانی بەراوردکردن پۆلێنکردووە. ئەم نیشاندەرانەش واتاکانیان روون نابێتەوە تا بۆ ( کەس, شت) ە نیشاندراوەکە نەگەڕێتەوە. بۆیە پێوەندیی نیشاندان, پێوەندییەکی واتاییە, کە دەبێت لە نێوان نیشاندەر و نیشاندراوەکەدا هەبێت, هالیدەی بۆ ئەوە دەچێت ئەم پێوەندییە ناچێتە ژێر کاریگەریی یاسا سینتاکسییەکان, بەڵکو بە تەنیا کاریگەریی واتاسازییان لەسەر دەبێت . (قەیس کاکل :٢٠٠٢,ل٤٥). وشەکانی (ئەو, ئێمە, هی ئەو, ئەمڕۆ, گەورەتر.....هتد) ئەو کاتە واتای پراگماتیکیی هەڵدەگرن, کە چەمکی ئاماژە بۆ کەرەستەیەکی دیاریکراو دەکەن, (بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە: د.هۆگر محمود, نامەی دکتۆرا)، بۆ نمونە لەم وتنەی خوارەوە, زۆربەی وشەکان واتاکانیان لە ئاماژەکردن دروست دەبێت:

١-کامامان بێین؟ ٢-تۆ و تۆ وەرن، ئێوەش بڕۆن

وشەکانی (کامەمان, تۆ, تۆ, ئێوە) واتاکانیان لەوەوە هاتووە, کە دەوروبەریان لەگەڵ دەق دا جووت کردوە , تەنانەت ئاماژە کردن لە وشەی ( تۆوتۆ) دەبێ بە شێوەی جوڵەش دەربکەوێ . ئەگەر ئەم جووت بوونە نەبێت ئەوا هیچ واتایەک ناگەیەنێ. مەرجیش نیە تەنیا ئەو وشانەی وەک ئامرازی نیشانە بەکار دێن چەمکی ئاماژەیان هەبێت, ( هالیدەی) وای بۆ دەچێت کە هەموو وشەو یەکە لێکسیکیەکان ئاماژەیین . وەک (دارا, گوڵ, دەفتەر......هتد) لێرەدا دەبێت ئاماژە بۆ ( دارا پیاوێکی باشە- خراپە –دڵپاکە-......هتد) یان (دەفتەری تاقیکردنەوە - دەفتەر دۆلار یان ئاماژەی بە پێوەندییەک وەک( دارا خاوەنی ١٠دەفترە دۆلارە .....هتد) لە زمانی ڕۆژنامە نوسیدا ئەرکی سەرەکی وشەکان ئاماژەو گەڕانەوەیە بۆ کەرەستەیەک ( تەنێک یان کەسێک(.

## ٣-کرتاندن

کرتاندن رۆڵێکی گرنگی لە بەستنەوەی کەرەستەکانی دەق دا هەیە, ئەم پێوەندیە لە یاسا سینتاکسیەکانەوە بەرجەستە دەبێت, یەکەکانی رستە یەک لە دوای یەک بەردەوام و دووبارە دەبنەوە, بەڵام بەشێوەیەکی نادیار و کرتاو, واتە کاتێک لە رستەکانی دواتردا لە جیاتی دووبارە بونەوەی کەرەستەکە بۆشاییەک بەجێ دەمێنێت, کە خوێنەر ناچار دەبێت لە پێناو پرکرنەوەی ئەو بۆشاییە، ئەو رستەیە لەگەڵ رستەکانی پێش خۆیدا بەراوردبکات و، لەبەر رۆشنایی رستەی یەکەم رستە ناتەواوەکە تەواوبکات و، هەردوو رستەکە جووت بکات و، ئەو کەرەستە کرتاوەی دەرنەکەوتووە بە هۆی رستەی پێشووترەوە بدۆزرێتەوە, ئەمەش پێوەندییەکی بەهێز لە نێو پارچەکانی نێو دەقەکەدا درووستدەکات. کرتاندنیش تەنها لە یەک کەرەستەدا روونادات, بەڵکو لە کەرەستە رێزمانییەکانی رستەدا لە (ناو, گرێی ناویی ,ئامرازی نیشانە, ژمارە , رادە, ئاوەڵناو, چاوگ ...هتد) روودەدات.

١-ئامرازی پێوەندیی: ئەمڕۆ دۆست (و) دوژمن چاویان بڕیوەتە کوردستان. (و) مۆرفێمی بەند. کرتاندنی رستەی بەدوادا هاتووە.

٢-یان کوردستان یان نەمان: ئامرازی (یان): کرتاندنی کار

٣-ئەم کوڕە برامە : ئەم (Ø ) ە برامە

٤- هەولێر لە کردەوەیەکی تیرۆریستیی دا، ٤٦ هاوڵاتی شەهید و ٧١ ی تریش بریندارن: کرتاندنی کاری (بوون).

## ٤-بەندکردن

پێوەری بەندکردن، پێوەندیی نێوان کەرەستە پێکهێنەرەکانی هەر دەقێک دیارییدەکات, بنەمای سەرەکییش لەم جۆرە پێوەندییەدا زانیاریی نێوان قسەکەر و گوێگرە, کاتێک ئەم پێوەرە بەرجەستە دەبێت, کە قسەکەر و گوێگر هەردووکیان زانیارییان لەبارەی ئەو بابەتەوە هەبێت کە قسەی لەسەر دەکەن, کاتێکیش گرفت لە هاوبەشێتی زانیارییەکان هەبێت, ئەوا راستەوخۆ پێوەندییەکە ناتەواو دەبێت و, دەقەکە تایبەتمەندێتیی خۆی لە دەستدەدات. بۆ نموونە:

-لەگەڵ ئازادکردنی کوردستانی عێراق دا, کوردەکانی رۆژهەڵاتی ئێران ئاهەنگ دەگێڕن.

لێرەدا گوتار بەندکردنی پێوە دیارە, چونکە کەرەستەکانی ئەم رستەیە ئاماژە بۆ بابەتێک دەکەن, کە هۆکارێک پەیوەستی کردوون بەیەکەوە.

## ٦- ژانەرەکانی رۆژنامە و پێوەرەکانی گوتار

ژانەرەکانی راگەیاندن زۆرن, بەڵام ئێمە لێرەدا بۆ ئەوەی شیکردنەوەکەمان دیارکراو و روونتربێت, ژانەری هەواڵ دەخەینە ژێر تیشکی شیکردنەوە, کە یەکێکە لە ژانەرە گرنگ و پڕخوێنەرەکان.

أ-بەشەکانی هەواڵ

لە رووی داڕشتنەوە هەواڵ دابەش دەبێت بەسەر:

مانشێت :Headline

پێشەکیی(سەر) : Lead

جەستە (ناوەڕۆک): Body

١-مانشێت: گرنگترین بەشی هەواڵ پێکدەهێنێت, چونکە هەوڵدەدات سەرنجی خوێنەر رابکێشێت و, پێوەندیی لە نێوان وەرگر و هەواڵەکە درووستبکات, بە شێوەیەک ئەگەر مانشێت لاواز بێت, ئەوا هەواڵەکە کاریگەریی نابێت و لە جێگای خۆی دەمرێت. هەر بۆیە مانشێتی گونجاو و بەهێز کار لە هەواڵ و کەسایەتیی رۆژنامەنوس دەکات. (عومەر سەید زادە:٢٠٠١,ل١٩).

٢-پێشەکیی (سەر): بە پەرەگرافی یەکەمی هەواڵ دەناسرێت و, لە داڕشتن دا بە شێوازی قوچەکی سەراوبن دادڕێژرێت و ئەرکەکەی رێنیشاندەر و, رێبەرییکردنی خوێنەر دەکات بۆ بەردەوامی خوێندنەوەکە, پێشەکیی وەک سەرەتای هۆنراوە وایە, کە پێویستە زۆر سەرنجڕاکێش و کاریگەر بێت, پێویستە زاراوەی گونجاو هەڵبژێرێت بۆ گوزارشتکردنێکی روون و ئاشکرا بۆ ڕوداوەکان, پێشەکیی هەواڵ دەکەوێتە نێوان ناونیشانی هەواڵ و جەستەی هەواڵ, بۆیە هەندێک بە (سینگ) ناوی دەبەن و ژمارەیەکیش بەبڕگەی یەکەم, یاخود بە دەروازەی یەکەم ناوی دەبەن, هەروەها زۆرجار پێی دەڵێن قولاپ, لە پێشەکیی هەواڵدا باشتر وایە چڕترین و گرنگترین زانیاریی رووداو لەخۆبگرێت, چونکە (Lead) بە خۆراکی خوێنەر, یان وەرگر دادەنرێت, ئەگەر لە سەرەتاوە

تام و چێژی ئەو خواردنەی وەرگرت, ئەوا زیاتر ئارەزوو دەکات خواردنەکە تەواو بکات, بۆیە لە ڕێگەی (Lead) خوێنەر ئارەزووی تەواوکردنی هەواڵەکە دەکات. (بەهرۆز علی:٢٠١٨,ل٥٧). ((تانکەرد:Tankard Ryan) دەڵێت : لە زمانی رۆژنامەنوسیی دا, پێشەکیی لە برگەیەک یان چەند برگەیەک پێکدێت و, زۆربەی کات لە رستەیەک یان دوو رستەی کورت پێکدێت)), هەروەها ((هۆگسۆن:Hodgson) دەڵێت: هەواڵی چاک ئەوەیە, کەخاوەنی پێشەکییەک بێت پەیوەست بێت بە بایەخی خوێنەرەوە, بە جۆرێک وا رێدەکەوێت هەندێکجار نووسەر مانشێتی هەواڵەکەی لێ هەڵبهێنجێت, پێویستە کورتەی ناوەرۆکی هەواڵەکە بە کەمترین وشە بخاتەروو, بۆیە لە دوای مانشێت گرنگترین بەشی هەواڵ پێکدەهێنێت. (عبدالستار جواد:١٩٩٩,ل٢٢) .

٣-جەستەی هەواڵ: بە بەژنی هەواڵ ناو دەبرێت و درێژەی رووداوەکە لەخۆدەگرێت ,تایبەتە بە ئەو کەسەی گرنگیی بە وردەکاریەکانی هەواڵەکە دەدات و, دەیەوێت بچێتە قوڵایی راست و درووستی زانیارییەکانەوە, بە دوای پێشەکیی دا بە شێوازی قوچەکی سەراوبن دەنوسرێت و رەگەزەکانی (کەی؟) و (لە کوێ؟) و (چۆن؟) و (لەبەرچیی؟) رووندەکرێتەوە. (حاتم علی جواد:١٩٩٨,٥٦).

ب-رەگەزەکانی هەواڵ

مەرجی سەرەکیی لە هەواڵ دا ئەوەیە, وەڵامی ژمارەیەک پرسیاری تێدا بێت, چونکە دەربرینی هەواڵ بە رستەیەکی رووت, چەندین پرسیار لە گیانی خوێنەر, یان گوێگردا دەهێڵێتەوە, بۆ نموونە: کاتێک دەنوسرێت (پیاوێک بریندار بوو) ئەم رستەیە لە رووی رێزمانەوە کەم و کووڕیی تێدایە نییە, بەڵام لە رووی بوون بە هەواڵ کەم و کووڕیی تێدایە, چونکە پێناسەی کەسەکە و کات و شوێنی رووداوەکە و چۆنێتیی رووداوی رووداوەکە ئاشکرا نییە. (کازمی موعتەمەد نەژاد:٢٠٠, ل٢٤). راگەیاندن و باسکردنی رووداوە سەرنجڕاکێشەکانی کۆمەڵایەتیی و رامیاریی و ئابورییەکان....هتد, کاتێک بە باشی سەر دەگرێت, کە بە شێوەیەکی تەواو هۆکار و رەگەزەکانی هەر رووداوێک بخرێتەروو. ئەگەر شارەزایان و زانایانی ئەم بوارە لەسەر دانانی پێناسەیەک بۆ هەواڵ رێک نەکەوتبن بەهۆی جیاوازی تێڕوانینیان و تێگەیشتنیان لە هەواڵ, بەڵام بەشێوەیەکی گشتیی لەسەر هەندێ مەرج رێکەوتوون, کە بناغەی هەواڵ پێکدەهێنێت بە بێ هەبوونی ئەم مەرجانە هەواڵ دروستنابێت (عومەر سید زادە:٢٠٠١,ل١٧).

((فیلیپ گایار دەڵێت: دەستنیشانکردنی هەموو پەیامێکی راگەیەنراو لە دەستورێکی کۆنی رۆژنامەنوسیی دا دیارییکراوە, کە کۆمەڵێک پرسیارە بریتین لە (کێ؟ و، چیی؟ و, لەکوێ؟ و ,چۆن؟ و, بۆچیی؟) هەر هەواڵ و زانیارییەک وەڵامە بۆ ئەم پرسیارانە. (جان جبران کرم:١٩٨٦, ت٤٧) .

بە رەچاونەکردنی هەر یەکێک لەو رەگەزانە لەلایەن نووسەری هەواڵەوە, بێگومان هەواڵەکە بە ناتەواوی دەخاتەروو, بۆیە پەیامنێر ناچارەبێت لەپێناو بەخشیینی هەواڵێکی باش و کاریگەر، کات و شوێن و، بەشداربووان و، جۆری رووداوەکە و، چۆنێتیی رووودان و، هۆکاری رووداوەکە بە شێوەیەکی روون و ئاشکرا، پێشکەش بە خوێنەر و وەرگرانی بکات.

( کەی-کات) لە بەهاکانی هەواڵ دا, کات یا تازەیی رووداو گرنگییەکی تایبەتیی هەیە. ئامادەکردنی هەواڵ لە رووداوەکانیی رۆژەوە یاخود لە رووداوەکانی رابردووەوە کە تازە بڵاودەبنەوە، یان بە گۆشەنیگایەکی نوێترەوە دەخرێتەروو, بەشێکە لە کاری رۆژانەی هەواڵنێران. (بەدیعی+ قەندی. وەرگێرانی:کارازان محمد:١٣٨٠, ل٥٣). بۆ

دەوڵەمەندکـردنی ناوەڕۆکـی (Lead)، پێویسـت نـاکات هـەر شـەش ڕەگەزەکـەی هـەواڵ بەشـداربێت, بەڵکـو بـە پێـی بەهـای هەواڵەکـە ڕەگـەزەکان بـۆ تەواوکـردنی مەبەسـتی هـەواڵ هاوڕێیـەتی یەکتریـی دەکـەن.

پ- شێواز( میتۆد)ەکانی داڕشتنی هەواڵ

چەنـد شـێوازێک (میتـۆد) ێـک لـە داڕشـتنی هەواڵـی ڕۆژنامـەدا پەیڕەودەکرێـن, کاتێـک خوێنـەر هەواڵێـک لـە سـەردێڕەوە دەخوێنێتـەوە, ئەگـەر ئـەو بابەتـە نزیـک بـوو لـە ژیـانی خۆیـەوە ئـەوا بـە تامەزرۆییـەوە درێـژە بـە خوێندنەوەکـەی دەدات هەتـا کۆتایـی.

١-شێوازی هەڕەمی هەڵگەڕاو ( قوچەکی سەراوبن)

ئـەم قاڵبـە هونەرییـەی نوسـینی هـەواڵ, لەسـەر شـێوەی هەڕەمـی هەڵگـەڕاوە بونیـاد دەنرێـت, کـە دابەشـدەکرێت بـۆ دوو جـۆری سـەرەکی :

أ-لوتکەی هەڕەم ( بەهۆی هەڵگەڕاوەیی دەبێتە بنکە)

ب-جەستەی هەڕەم

لـە ڕۆژگاری ئەمـڕۆدا باوتریـن شـێوازی نووسـینی هەواڵـە, گرنگتریـن زانیاریـی هەواڵەکـە یـان ڕووداوەکـە, دەخرێتـە پێشـەکیی (Lead)، کـە بـە پێـی نەخشـەی هەڕەمـە هەڵگەڕاوەکـە دەبێتـە بنکـەی هەڕەمەکـە و وەک لوتکـە دەردەکەوێـت, دواتـر بـە شـێوەی پلیکانەیـی ڕووداو و زانیاریـی گرنـگ و، کەمـتر گرنـگ و، کەمتریـن, دەخرێتـە جەسـتەی هەڕەمەکـە هەتـا هەواڵەکـە کۆتایـی دێـت. (بەهـرۆز عـلی:٢٠١٨,ل٧٨). ڕێبـازی ڕێکخسـتنی هـەواڵ بـەم جـۆرە شـێوازە تایبـەت نییـە بـە ڕۆژنامـە, بەڵکـو هەواڵـەکانی رادیـۆ و تەلەفزیۆنـەکان پەیڕەویـی ئـەم شـێوازە دەکـەن. یەکێـک لـە هـۆکارە بـاوەکانی سـەرتاپاگیربوونی شـێوازی هەڕەمـی هەڵگـەڕاوە, خێراییـە لـە پەخشـکردن و بڵاوکردنەوەی هەواڵـەکان دا، لـە ڕێگـەی میدیـاکانی هەواڵـەوە و کەمیـی کاتی وەرگرەکانـە لـە وەرگرتنـی پەیامـە هەواڵیـەکان دا.

بۆیـە لـە ڕێـی ئـەم شـێوازەوە، دەتوانرێـت ڕادەی بایەخپێدانـی خوێنـەر بـە ڕۆژنامەیـەک دەربکەوێـت, کـە کام بەهـای هەواڵـی بـەلاوە گرنگـە، ئـەوەی تێبینیـی دەکەیـن بـە زۆری ڕەگـەزی (کـێ) لای زۆربـەی ڕۆژنامەنوسـان دەور دەبینێت.

بۆ نموونە :

١-بەڕێز ئەمینداری گشتیی پێشوازی لە وەفدی باڵای چەند لایەنێکی سیاسیی کرد .(هەفتەنامەی یەکگرتوو,ژ٥٣٩)

٢-سەرۆکی حکومەت پێشوازیی لە سکرتێری حیزبمان دەکات. (هەفتەنامەی ڕێگای کوردستان,ژ٦٠٤)

٣-سـەرۆک بـارزانی بـە جیـا پێشـوازیی لـە باڵوێـزی کۆریـای باشـور و ژمارەیـەک شـێخ و کەسایەتیی عەشـیرەتی ئەلجبـور کـرد. (ڕۆژنامەی خەبـات :ژ,١٤٢٠)

٤-مام جەلال پێشوازیی لە وەفدی ژمارەیەک کۆمپانیای ڕۆمانیی کرد. (رۆژنامەی کوردستانی نوێ,ژ٣٦١٢)

لـەم سـەردێڕانەی سـەرەوەدا کـە لـە هـەر یـەک لـە ڕۆژنامەیەکـی جیـاوازدا بـڵاو کراونەتـەوە و سـەردێڕی سـەرەکی لاپـەڕەی یەکەمـی ڕۆژنامـەکان پێکدەهێنـن و لەسـەر دێـڕەکانی تـر گرنگـترن, چونکـە سەرنوسـەر بـەدوای گرنگتریـن هەواڵـدا دەگەڕێـت تـا پێشـکەشی خوێنـەرانی بـکات و سـەرنجی خوێنـەر بـۆ بابەتـەکانی ڕۆژنامەکـەی ڕابکێشـێت .

ئەگـەر سـەرنج لـە کەرەسـتە و زاراوەکانی ئـەم سـەردێڕانە بدەیـن, دەبینیـن وشـەی (پێشـوازی) لـە سـەرجەم سـەردێڕەکاندا دووبارەبۆتـەوە, ئـەوە بـۆ خوێنـەر جێگـەی سـەرنج و تێڕامانـە بـە جۆرێـک گرنگیپێـدانی خـۆی بـۆ

بابەتەکـە و رۆژنامەکـەش لەدەسـتدەدات, لـە کاتێکـدا پێویسـتە سـەردێڕەکە بـۆ جۆرێـک خوێنـەر وابەسـتەی خـۆی بـکات, کـە کۆبونەوەیەکـی لـەو جـۆرە بـاس لـە بابەتێکـی گرنگـی پەیوەسـت بـە ژیـانی خەڵکـەوە دەکات, نـەک تەنها مەبەسـت لـە پێشـوازییکردن بێـت لـە بـری زانیاریـی تـری نـاو کۆبونـەوەکان, چونکـە هەسـتدەکات هیـچ پێوەندییـەک لـە نێـوان خـۆی و ئـەو بابەتـەدا نابینێـت, هـەر بۆیـە سـەردێڕەکە تـوشی شکسـت دەبێـت و, نەیتوانیـوە ئاشـنایەتییەک لـە نێـوان ناوەڕۆکـی بابەتەکـە و خوێنـەردا دروسـتبکات, بۆیـە پێویسـتە لـە کاتی نووسـینی سـەردێڕدا وشـە و زاراوەی دووبـارە بەکارنەهێنریـت, هەتـا ئەرکـە سـەرەکییەکەی کـە گەیانـدنی پەیامـە بـۆ خوێنـەر لـە دەسـت نـەدات و بـاسی داهاتـوو بـکات, بـۆ ئـەوەی خوێنـەر بـەدوای خۆیـدا راپێچبـکات, سـەردێڕی گرنـگ لای خوێنـەر ئەوەیـە پرسـیار دروسـت بـکات, هـەر بۆیـە لـەم سـەردێڕانەی سـەرەوەدا (پەیـام)ەکان نادیـارن، هیـچ پەیامێکیـان بـۆ خوێنـەر پـێ نییـە, کـە کەسـەکانی نـاو کۆبونەوەکـە چیـان وتـووە و لـە کۆتاییـدا دەبنـە پەیامێکـی کاریگـەر بـۆ نـاوەڕۆک.

مـەرج نییـە هەمـوو رەگـەزەکانی هـەواڵ لەیـەک کاتـدا بەکاربهێنرێـن, چونکـە ئاڵۆزیـی لـە تێگەیەشـتن دروسـتدەکات. لـە رۆژنامەنوسـیی سـەردەم دا، زیاتـر گرنگیـی دەدرێـت بـە رەگـەزی (چیـی) کـە بەهـای لـە (خۆگریـی) هەبێـت, لـە هەمـان کاتـدا پێوەندیـی بـە ژیـانی خەڵکـەوە هەبێـت. ئـەو سـەردێڕانەی کـە وەڵامـی پرسـیاری (چیـی) دەدەنـەوە لای خوێنـەر گرنگیـی پێدەدرێـت.

## ٢.میتۆدی مێژوویی

لـە رێکخسـتنی هـەواڵ دا بـە میتـۆدی مێژوویـی بـە پێچەوانـەی هەرەمـی هەڵگـەڕاوە, بابەتـەکان بـە پێـی ریزبەندیـی کاتی رووداو یـان بەپێـی ریزبەنـدی رووداوەکـەی رێکدەخرێـت, نـەک بابەتـەکان بـە گوێـرەی بەهـای هەواڵیـان بنوسرێـت.

لـە لاپـەڕەکانی هەواڵـە رۆژانەییـەکان دا, رۆژنامـەکان یـان لاپـەڕە هەواڵییـەکانی گۆڤـارەکان، میتـۆدی رێکخسـتنی هـەواڵ بەپێـی میتـۆدی هەرەمـی هەڵگەڕاوەیـە, بـەڵام دەکرێـت میتـۆدی مێژوویـی بـۆ ئـەو لاپـەڕە تایبەتیانـە بـەکار بهێنرێـت، کـە بەگشـتیی رۆژنامـەکان بـۆ راپۆرتـە تێروتەسـەلە بەدواداچونـەکان, راپـۆرتی کۆبونـەوەکانی ئەنجومـەن و هاوشـێوەکانی تەرخـانی دەکـەن و، خوێنـەرانی ئـەم لاپەڕانـە حـەز دەکـەن کاتێکـی زیاتـر بـۆ خوێندنـەوەی تەرخـان بکـەن. (بەدیعـی و قەنـدی:١٣٨٠,ل١١٠).

لـەم جـۆرە میتـۆدەدا، نووسـینی هـەواڵ بـە پێشـەکییەکی گشـتیی دەسـتپێدەکات و، یەکێـک لـە خاڵـە باشـەکانی ئەوەیـە, کـە بابەتەکـە بـە تێروتەسـەل دەنوسرێـت و بابەتـەکان هەڵسـەنگاندنیان بـۆ ناکرێـت.

٣-میتۆدی مێژوویی بە لیدەوە

ئـەم جـۆرە میتـۆدە ئاوێتەیەکـە لـە میتـۆدی هەرەمـی هەڵگـەڕاوە و میتـۆدی مێژوویـی, لـە سـەرەتادا پوختـەی گرنگتریـن بابـەت بـە شـێوەی لیـد لـە پەرەگـرافی یەکەمـی هـەواڵ دا دەنوسرێـت, پاشـان رووداوەکـە بـە پێـی ریزبەندیـی رووداوەکان بـە شـێوەی مێژوویـی باسـدەکرێت. خوێندنـەوەی ئـەم جـۆرە هەواڵانـە وەک چیرۆکێـک دێتەبەرچـاو, بۆیـە ئـەو کەسـانەی بـە دوای هـەواڵ و شرۆڤـەی وەرزشـکاران و سیاسـییەکان و هونەریـی و دادگاکان دا وێڵـن, بـەم جـۆرە هەواڵانـە چێـژ وەردەگـرن, هـەر بۆیـە ئـەم جـۆرە میتـۆدە بـە لەخۆگرتنـی هەواڵـە کارەسـاتبارەکان رۆڵـی بەرچـاوی هەیـە.

بەشی دووەم : شیکردنەوەی دەقی هەواڵ

لـە رۆژنامـەکانی ئەمـڕۆدا ریزبـوون و بەدوایەکداهاتنـی رووداوەکان، بەپێـی گرنگییـان و بەهـای هەواڵیـان رێکدەخرێـن, بەهـۆی ململانێـی گەیانـدنی هەواڵەکـە بـە خێرایـی و، سـەرقاڵبونی خەڵـک بـۆ دابینکـردنی پێداویسـتییەکانی ژیانـەوە و ، راکیشـانی سـەرنجی خوێنـەر و وەرگـرەکان و تۆمارکـردنی سـاتەکان لەلایـەن رۆژنامەنوسـانەوە سـەرجەم میتـۆدەکان ئاوێتـە دەبـن.

لێـرەدا چەنـد دەقێـک کـە بابەتەکانیـان هاوشـێوەن لـە چەنـد رۆژنامەیـەک وەردەگریـن, بـۆ شرۆڤەکـردنی رەگـەزەکانی هـەواڵ و شـێوازی دارشـتن و بەرجەسـتەکردنی پێـوەر و میتـۆدەکان.

١- شیکردنەوەی دەقی ژمارە (١) رۆژنامەی کوردستانی نوێ

لەسەر ئاستی ناوخۆ و نێودەوڵەتیی ئیدانە و مەحکوم کرا

کردەوەیەکی تیرۆرستیی لە هەولێر دەیان شەهید و

برینداری لێکەوتەوە

## سەردێڕەکە (مانشێت) وکە بە پێی جۆر و بەشەکانی مانشێت دەتوانین بڵێین بریتییە لە:

-سەرمانشـێت: سەرمانشـێتێک کـە لـە سـەروو مانشـێتی سـەرەکییەوە دادەنرێـت و، بـە پیتـی بچووکـتر (نزیـک بـە پیتی دەقـی هەواڵەکـە دەنوسرێـت. سەرمانشـێت پێشـەکی یاخـود پاشـەکی سـەرەکییە و, یاخـود بەشـێوەی سـەربەخۆیە. (بەدیعـی و قەنـدی:ل١٣٥). لـە هەمـان کات دا، ناونیشـانێکی بۆمبییە, کە بـە گوژمێکی بەهێز و ئاگادار دەسـتپێکردووە بـە ئامانجـی سەرنجڕاکێشـانی خوێنـەر و بـە ئاگاهێنانێتـی لـە رووداوەکـە, ئـەم ناونیشـانە هێـمای بـۆ رووداوێـک کردووە کـە روونکردنـەوەی مەبەسـتەکە لەنـاو ناوەڕۆکدایـە, واتـە هێـما بـۆ شـتێک دەکات لەنـاو ناوەڕۆکـدا و، دەیەوێـت لەناو زمـانی هەواڵەکـەدا جێگیـر بێـت و کاریگـەری لەسـەر نووسـەر جێبهێڵێـت و بـە ئـاگای بهێنێتـەوە. بۆیـە دەتوانرێـت بـە ناونیشـانی هێمایـی ناوبرێـت, چونکـە هێـمای زمانیـی تێـدا بەکارهاتـووە, کـە بەرامبـەرە لەگـەڵ نـاوەڕۆک دا, لێـرەدا گونجاندنێـک لەنێـوان ناونیشـان و نـاوەڕۆک دا هەیـە, هێـما بۆکراوەکـە لـە ناونیشـانەکەوە هەڵدەهێنجرێـت و وەردەگیرێـت و بەرزبونـەوەی هێمایـی دەگاتـە ناونیشـانەکە, شـێوەیەکی تەواوکاریـی وەردەگرێـت لەنـاو پێکهاتـەی پێشـەکیی و کۆتایـی دەقەکـەدا, بۆیـە هێمابۆکراوەکـە بـە نـاوەڕۆک ناودەبرێـت. لـە هەمـان کات دا، ئـەم سـەردێڕە بـە یەکێـک لـە شـەش رەگەزەکـەی هـەواڵ کـە ( چیـی؟) یـە دەسـتپیدەکات و، وێنـەی رووداوەکـەش دانـراوە.

رووداوەکـە بـە دوو مانشـێتە, نووسـینی دوو مانشـێت بـۆ رووداوێکـی هـەواڵ, لەهەمـان کات دا، پێویسـتیی بـە زانیـن و بینیـن هەیـە, خـۆی هونەرێکـە و مانشێتنووسـە پیتۆڵـەکان ئـەم چێـژ و هونەرەیـان لەگـەڵ زانسـتی رۆژنامەوانیـی دا ئاوێتەکـردووە. لـەم جـۆرە مانشـێتەدا, مانشـێتێک لـە لیـدی یەکەمـەوە و مانشـێتی دووەم لـە بـەشی دواتـری هەواڵەکـەوە هاتـووە, لەبـەر ئـەوەی دوو مانشـێتەکان لـە هەواڵێکـی ئاوێتـەی وەک ئـەم هەواڵـە دەنووسرێـت, کـە لێـرەدا مانشـێتەکان لـە بەشـە جۆراوجـۆرەکانی هەواڵەکـەوە هەڵهێنجـراوە, ئـەم دوو مانشـێتە کـە لـە هەنـاوی رووداوێکـی وابەسـتە بەیەکـترەوە نـوسراوە, ئـەم دوو مانشـێتە لـە کـۆی رووداوەکانی ناوچەکـە (تیرۆرسـتان لـە شـار و ناوچـە جیـاوازەکانی عێـراق دا کاری تیرۆریسـتیان ئەنجـام دەدا) نـوسراوە, خوێنـەری رۆژنامەکـە بـە خوێندنـەوەی ئـەم دوو مانشـێتە, هەسـتی شرۆڤەکـردن و گەیشـتن بـە ئەنجامـی رووداوەکـە بـۆ خوێندنـەوەی لیـد و دەقـی هەواڵەکـە لا

دروسـت دەبێـت.

-پێشـەکیی (لیـد) : پێشـەکیی ئـەم رووداوە بـە رەگـەزی (کـەی؟ ٩/١٥) دەسـت پێـدەکات, کـە رەگـەزی کاتی رووداني هەواڵەکـە لەخۆدەگرێـت و هەڵدەسـتێت بـە وەڵامدانـەوەی پرسـیاری (کـەی؟) واتـە کات و زەمـانی رووداوەکـە دەخاتـەڕوو, بـە رەگـەزی لـە (کوێ؟ بـەردەم بـارەگای ناوچـەی هێـزەکاني ناوخـۆ پ.د.ک لـە تەنیشـت ئوتێـل زەیتوونە) و بـە رەگـەزی (کـێ؟ تیرۆرسـتێک) کـە رەگـەزی کارەکتـەرە, واتـە کـەسی کاریگـەری رووداوی نـاو هەواڵەکـە خـۆی تەقاندۆتـەوە و لـە ئەنجامـدا (٦٤) کـەس برینـدار بـوون و (٨٠) کـەسی تریـش شـەهیدبوون و, سـەری هەواڵەکـە کۆتایـی دێـت .

ئـەم هەواڵـە بـۆ پشتڕاسـتکردنەوەی زانیارییـەکان، ئامـاژە بـە هییـچ سـەرچاوە و شـایەتحاڵێک نـاکات و شـوێن و ڕێکـەوتی ئامادەکـردنی هەواڵەکـە بـاس نـاکات.

-چەند زاراوەیەک لە ناوەڕۆکی رووداوەکە (دەقەکە) دا بەکارهاتووە.

وەک: (پەلامـار): ئـەم زاراوەیـە لـە کلتـووری کوردەواریـی دا بـۆ ئاژەڵـی دڕنـدە بەکاردێـت نـەک بـۆ مـرۆڤ, لـە کاتێکدا ئـەوەی کارەسـاتەکەی خوڵقانـدووە کەسـێک بـووە خـۆی تەقاندۆتـەوە. (خۆخزانـدن): زیاتـر بـۆ کاری سـیخوڕیی و ناپاکیـی نیشـتمانیی دەبێـت. (تەزکیـە): ئـەم زاراوەیـە ئاماژەیـە بـۆ ناشـەفافیی دەسـەڵاتی حکومـەت و باڵادەسـتی حیـزب بەسـەر دام و دەسـتگای حکومیـی و سیسـتمی دیموکراسـیی لـە هەرێـم, ئـەوە دەسـەلمێنێت هییـچ کەسـێک ناتوانێـت بـە بـێ پشـتگیریی حیـزب و پابەندبـوونی بـە ئایدۆلۆژیایەکـی دیاریکراو داوای مـاف دامەزرانـدن بـکات, بۆیـە ئـەم کۆبونـەوە و قەرباڵغییـە ڕێگەخۆشـکەر بـووە بـۆ ئـەوەی تیرۆرسـتان ئـەم هەلـە بقۆزنـەوە و شـوێنێکی ئـاوا لـەو کات و سـاتە لەبـارەدا چەندییـن گەنـج و لاو بکەنـە ئامانـج, (تاوانبارکـردنی کـردەوە تیرۆریسـتییەکە) لێـرەدا کردەکـە تاوانبـاردەکات, لـە کاتێـک دا تاوانبـار بـۆ مـرۆڤ دەبێـت.

-پەیامنێـر لەبـەر ئـەوەی سـەر بـە ئایدیایەکـی تایبـەتی حیزبێکـە و لـە روانگـەی بیروبـاوەڕ, یـان قوربانییـانی رووداوەکـە بـە (شـەهید) ناودەبـەن, چونکـە بێتـاوان بـوون و ئامـاژەی بـە زەرەر و زیـانی ماڵـی هاووڵاتییـان داوە و, لەلایەکـی ترەوە باسـی بـە تەنگەوەهاتـن و دڵسـۆزیی هاوڵاتییـانی شـاری هەولێـر دەکات بـۆ خوێـن بەخشـین بـە برینـدارەکان.

-لێـرەدا پەیامنێـر تەنهـا ئامـاژەی بـە بەیاننامـەی وەزارەتی ناوخـۆ کـردوە بـۆ چۆنێتیـی بـاری تیرۆریسـتەکە, کـە پشـتێنی بۆمبڕێژکـراوی لـە پشـت بەسـتووە. دواتـر، بـاس لـە بەیاننامـەی سـەرۆکی حکومـەت و ئامادەیـی هاوکاریـی و خەمخۆریـی بەرپـرسی مەڵبەنـدی هەولێـر دەکات، بـە ناڕاسـتەوخۆش رەخنـە ئاڕاسـتەی هێـزە ئەمنییـەکانی هەولێـر دەکات، کـە نەیانتوانیـووە پێـش رووداوەکـە ئـاگادار بـن و، بـەر لـە کارەسـاتەکە بگـرن، لەبـەر نەشـارەزایی و نەبـوونی کەسـانی شـیاو لـە دەزگا ئەمنییەکانـدا, پاشـان مەحکوومکـردنی کردەوەکـە لـە سـەر ئاسـتی دەرەوە و لێپرسراوی بـاڵای سیاسـەتیی دەرەوەی ئەورووپـا و سەرەخۆشـییکردن لـە کەسـوکاری قوربانییـان و، حکومـەتی (عێـراق) دەڵێـت نـەک حکومـەتی هەرێـم, ئـەم وتەیـە زۆر مانـا لەخۆدەگرێـت، کـە هەرێـم هـەر بەشـێکە لـە عێـراق و بیـر لـە قـەوارەی سـەربەخۆ نەکەنـەوە .

لـە کۆتایـی دا بـۆ بەرپرسـیارێتیی کردەوەکـە، پەنابراوەتـە بـەر بەیاننامەیـەک لـە تـۆڕە کۆمەڵایەتییـەکان، کـە (ئەنصـار السـنة) بەرپرسـیارێتیی خـۆی راگەیانـدوە, لـە کۆتایـی دا ئامـاژە بـە ژمـارەی (١٧) قوربانـی ناوچـەی هەریـر و دەوروبـەری دراوە و، بـە ڕەشـبینییەوە دەڕوانێتـە برینـدارەکان, بارودۆخـی مەترسـییداریان هەیـە. بـە پێـی قاڵبـە هونەرییـەکانی نووسـینی هـەواڵ, ئـەم هەواڵـە بـە قاڵبـی هونەریـی هەرەمـی هەڵگـەڕاوە نـوسراوە.

٢-دەقی ژمارە (٢) رۆژنامەی خەبات

هەولێر...لە کردەوەیەکی تیرۆریستییدا

٤٦ هاوڵاتیی شەهید و ٧١ ی دیکەش بریندار

لـەم جـۆرە هەواڵـەدا سـەرەتا وێنـەی رووداوەکـە دانـراوە, پاشـان مانشـێتەکە بـە دوو دێـڕی یەکسـان نـوسراوە, بـە گوێـرەی جـۆری مانشـێت دەبێـت بـە (ناونیشـانی رۆشـنایی)، کـە داتـا و ژمـارە لەخۆدەگرێـت و تیشـکیان دەخاتەسـەر, بـە رەگـەزی (چیـی؟ کردەوەیەکـی تیرۆرسـتیی) بـە پێـی بەهـای گرتنـەوە دەسـت پێـدەکات.

لـەم هەواڵـەدا نـاوی سـەرچاوە و پەیامنێـرەکان نـووسراوە و هەواڵەکـە سـەری هەیـە, بـەڵام سـەردێڕەکەی لەسـەر وەرنەگیـراوە .

-پێشـەکییەکە (سـەر) بـە رەگـەزی (کەی؟ ٩/١٥) سـەرلەبەیانی دوێنێ دەسـت پێـدەکات و رەگەزی (کێ؟ تیرۆریسـتێک), لـە (کـوێ؟) لەنـاو ئـەو کۆمەڵـە لاوە کـوردەی لەبـەر دەم لیژنـەی ناوچـەی ناوخـۆی پـارتی لـە شـاری هەولێـر), لەبـەر دۆزینـەوەی ناوەکانیـان بـۆ داواکارییـان بـۆ بـوون بـە پۆلیـس .....) دەسـت پێـدەکات. لـە پێشـەکیی دا پێویسـتە رووداوە گرنگـەکان بـاس بکرێـن. لێـرەدا بـە ئەرێنیـی بـاسی ئـەو قەرەباڵغیـی و کۆبونەوەیـە دەکات و، بـاسی ئـەوە نـاکات کـە حیـزب بـە ( تەزکییـە) لاوان دادەمەزرێنێـت.

-هەواڵەکـە پشـت دەبەسـتێت بـە سـەرچاوەی حکومیـی پارێـزگاری هەولێـر لـە بڵاوکردنـەوەی زانیارییە سـەرەتاییەکان, کـە سـەرچاوەیەکی باوەڕپێکـراو و، ورد و، تەنانـەت وتوویـەتی لـە نێوانیانـدا منداڵێـک هەیـە, لەگـەڵ ٤٦ شـەهید و ٧١ کـەس برینـدار بـوون و، بریندارەکانیـش مەترسییان لەسـەر نییـە و بـە پەلـە چارەسـەریان بـۆ کـراوە.

-لێـرەدا دەیانەوێـت رۆڵـی پارێـزگار بخەنـە بەرچـاوی خوێنـەر، چەنـد زوو بـە تەنـگ رووداوەکـەوە هاتـووە, ئـاگای لـە وردەکارییـەکانی کردەکەیـە و زۆر بـە سـانایی بـاس لـە رووداوەکـە و قوربانییـانی دەکات، لەهەمـان کاتـدا ژمـارەی برینـدارەکان لەچـاو رۆژنامەکـەی پێشـوو (کوردسـتانی نـوێ) کەمـتر تۆمارکـراوە.

-زاراوەی (بـەر نەشـتەرگەریی ) بـەکار هاتـووە, لـە راسـتیی دا دەبـوو بوترایـە (ژێـر نەشـتەرگەریی) چونکـە نەخـۆش دەکەوێتـە ژێـر دەسـتی پزیشـک، چونکـە لـەو کاتـەدا هیـچ دەسـەڵات و هێزێکـی نییـە, زاراوە (بـەر) بـۆ: بـەردەم, بـەر ئاگـر , بەرامبـەر ........هتـد بەکاردێـت.

-لـە هەواڵەکـەدا باسـێکی زۆر لەبـارەی دڵسـۆزیی خەڵکـی هەولێـر دەخاتـەڕوو, چـۆن لـە کاتی رووداوەکـەدا هاتوچـۆ وەسـتاوە و تەنهـا ئۆتۆمبیـلی فریاکەوتـن هاتوچـۆی کـردوە و، بـە پەلـە خەڵـک خۆیـان گەیاندۆتـە نەخۆشـخانەکان بـۆ خوێـن بەخشـین و دەسـتبەجێ هێـزەکانی ئاسـایش هاتـوون بـە هانـای برینـدار و قوربانییانـەوە, لێـرەدا شـایەت هەیـە, کـە بـە کـورتی بـاسی رووداوەکـە دەکات.

ئـەوەی تیبینـی دەکرێـت لـە خسـتنەڕووی رووداوێکـی وا جەرگبـڕ و خوێناوییدا, هییـچ گرنگیی بەو کارەسـاتە خوێناوییە نـەدراوە و خـۆی بـە پرسـەدار دەزانێـت, جگـە لـە پەرۆشـیی خەڵکـی هەولێـر و ئاسـایش, بـاس لـە بەدەنگەوەهاتنـی هییـچ کـەس و لایەنێکـی تـر لـە ناوخـۆ و دەرەوە نەکـراوە و، تەنانـەت ئامـاژە بـە لایـەنی ئەنجامـدەری کـردەوە تیرۆریستییەکە نـەدراوە, دەڵێـت ناسـنامەکەی ئاشـکرا نەکـراوە، چونکـە بەرپرسـیارێتییەکە بـە گومانێـک دەهێڵێتـەوە, زۆر بـە کورتیـی هەواڵەکـە دەخاتـەڕوو, وەک بڵێـی هەسـت بـە کەمتەرخەمـی بـکات لـە ئاسـت پاراسـتنی گیـانی

هاوڵاتییانی شارەکە, بۆیە دەڵێت بۆ دۆزینەوەی ناوەکانیان ئەو لاوانە کۆبونەتەوە ناڵێ بۆ ناو نووسین بووە, بۆیە بەو جۆرە لە کارەساتەکە رادەکات و کۆتایی بە باسەکە دێنێت.

٣-دەقی ژمارە( ٣) هەفتەنامەی ڕێگای کوردستان

هەولێر

تیرۆریستێک لەناو

قەرەباڵغییەکدا خۆی تەقاندەوە

-مانشێتی هەواڵەکە لە شێوەی (مانشێتی سێگۆشەیی) یە, بە پێچەوانەی مانشێتی هەرەمی هەڵگەڕاوەیە و، بە دێڕی بچوک دەستپێدەکات و بە دێڕە گەورەکان کۆتایی پێ دێت و شێوەیەکی سێگۆشەیی لە خۆدەگرێت.

-بە رەگەزی (کێ؟ تیرۆریستێک) و (لە کوێ؟ لەناو قەرەباڵغییەک دا), کە نادیارە، دەستپێدەکات و لە پێشەکییەکەوە وەرگیراوە.

-پێشەکیی هەواڵەکە بە پاکانەکردن بۆ هەواڵەکە دەستپێدەکات, بۆ ئەوەی خۆی لە رەخنەی هەر کەموکوڕییەک رزگاربکات, ئەگەر دواتر ئاڕاستەیان بکرێت, ئەمە لە کاتێکدایە وێنەی رووداوەکەی لەگەڵ ناونیشانێک دا لە سەرووی وێنەکەوە (کارە تیرۆریستییەکەی شاری هەولێر) داناوە, ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت, هەواڵەکە هاوکات نییە لەگەڵ کاتی روودانی کارەساتەکە, بۆیە لێرەدا کات (کەی؟) بە تەواویی دیاریی نەکراوە و ئاماژەی پێ نەدراوە, تایبەت بە رەگەزی (چیی؟ تەقینەوەیەک ) و رەگەزی (لە کوێ ؟ نزیک هۆڵی میدیا) دەچێتە ناو سەرەتای هەواڵەکە و دواتر رەگەزی ( چۆن؟ بۆ وەرگرتنی تەزکییە گەنجان کۆبوونەتەوە). ئەم هەواڵە ئەوەندەی شوێنی رووداوەکە و هۆکارەکەی زەق بکاتەوە و بیخاتەڕوو, کە ئەو قەرەباڵغییە لەبەردەم بارەگای ناوچەی پارتی بووە بۆ وەرگرتنی تەزکییە, کە دوای تەزکییەکردن دەتوانن داواکاریی پێشکەشبکەن, بۆیە لێرەدا پارتی بە هۆکاری رووداني ئەو کارەساتە دەزانێت, ئەوەندە ژمارەی قوربانییەکان و زەرەرمەندەکانی لای گرنگ نیە, بۆیە روونکردنەوەی (چیی؟) دەڵێت (ژمارەیەکی زۆری هاوڵاتیی و پاسەوانانی بارەگاکە شەهید و بریندار بوون) بەکاردێنێت و لێرەدا هیچ مۆرفێکی ناسراویی بەکارناهێنێت و، بە شێوەیەکی گشتیی باسی لێوە دەکات, بۆیە لێرەشدا بەهای هەواڵی (گرتنەوە) بەکاردێت, چونکە (شەهید و کوژراو و بریندار) پەیوەندییان بە گیانی مرۆڤەوە هەیە.

-هەفتەنامەکە کردەوەکە بە کارێکی (تیرۆریستیی خراپ ) ناو دەبات و کوژراوەکان بە ( شەهید) دەناسێنێت.

-دوای سەرنجدانمان بۆمان دەردەکەوێت, هیچ شێوازێکی تایبەتیی لە دارشتنی هەواڵەکەدا پێڕەو نەکراوە, جا ئایا ئەمە بەهۆی ئەوەوە بێت هەواڵەکە بە پەلە نوسراوە, یاخود بەهۆی تاوانبارکردن و رەخنە و کەموکوڕیی ئەو لایەنەی بەرپرسە لە رووداني کارەساتەکە.

٤- دەقی ژمارە( ٤) هەفتەنامەی یەکگرتوو

لە کردەوەیەکی تیرۆریستیی خۆکوژیی دا

دەیان هاووڵاتی دەبنە قوربانی

- لـەم دەقـە هەواڵـەدا مانشـێت و وێنـە بەیەکـەوە دانـراون, لـە شـێوەی (مانشـێتی دوو دێـڕی یەکسـان)ە و بـە شـێوەی چـوار گۆشـەنووسراوە, هەرچەنـد وینەکـە کەوتۆتـە نێـوان دوو دێڕی مانشـێتەکەوە و مانشـێتەکەی لـە سـەر وەرنەگیـراوە .

-لـە مانشـێت دا زاراوەی (خۆکوژیـی) بەکارهاتـووە, کـە ئاماژەیـە کەسـێک خـۆی تەقاندۆتـەوە و کـەسی تـر هـۆکاری خۆکوشـتنەکەی نییـە تەنهـا خـۆی کردۆتـە قوربانیـی لـە پێنـاو زیانگەیانـدن بـە کەسـانی تـر.

-وشـەی (دەبنـە ...) ئـەم (دە) یـە ئەسـپێکتی بەردەوامییـە, هێـما رێزمانییـەکانی ماوەیـە, واتـە مـاوەی رووداني کـردار لـە ئێسـتاو رابـردوو و رانەبـردوودا دەخەنـەڕوو، مەبەسـت لـە مـاوە سـەرەتا و کۆتایـی, تـەواو بـوون و تەواونەبـوون, یـان درێژەکێشـانی دەگرێتـەوە, کـە سـاتەوەختی روودان دەردەبـڕن. لێـرەدا پەیامنێـر دەیەوێـت بـەم دەربڕیینـە درێـژەدانی رووداوەکـە دەربخـات, چونکـە هەفتەنامەکـە کاتێـک ویسـتوویەتی هەواڵەکـە بڵاوبکاتـەوە لـە ژێـر چـاپ دا بـووە و، لـەکاتی خۆیـدا نەتوانـراوە هەواڵەکـە بڵاوبکرێتـەوە.

-زاراوەی (قوربانیـی) بـەکار هاتـووە, بێگومـان ئایدۆلۆژیـا بـە شـێوەیەکی گشـتیی کاریگەریـی لەسـەر فەرهەنگـی وشـە هەیـە, لـە راسـتیدا قوربانیـی بـۆ ئـاژەڵ وەک خێـر لەجـەژنی قوربـان دا بـەکار دێـت نـەک بـۆ مـرۆڤ, بـەڵام گواسـتنەوەی واتاکـەی بـۆ مـرۆڤ دەگەڕێتـەوە بـۆ ئـەوەی کەسـانێک کـە بێتاوانـن هیـچ گوناحێکیـان نییـە و، هۆکارێک دەبێتـە گیـان لـە دەسـتدانیان و خۆیـان هۆکارەکـە نیـن. هەروەهـا وشـەی (دەیـان) بـەکار هاتـووە, وەک رێژەیـەک وەریگرتـووە, لەبەرئـەوەی نازانێـت ژمـارەی قوربانییـان چەنـدە؟

-هەواڵەکـە بـە رەگـەزی (کـەی؟ ٩/٢٥) دەسـتپێدەکات و، دواتـر بـە رەگـەزی (کـوێ؟ ئۆتێـلی زەیتوونـە لـە هەولێـری پایتەخـت) و, رەگـەزی (چـۆن؟ ریزیـان بەسـتبوو بـۆ خۆناونووسـکردن ....) و پاشـان بـە رەگـەزی ( کـێ؟ تیرۆریسـتێک) هەواڵەکـە دادەڕێژێـت.

-شـێواندنی بـاری ئاسـایش: لێـرەدا رەخنـە لـە هێـزەکانی ئاسـایش ناگرێـت کـە نەیانتوانیـووە پێشـوەختە بـەو پلانـە بزانـن, بەڵکـو بیانـوو دەهێنێتـەوە، کـە بـۆ تێکـدانی بـاری ئاسـایشی هەرێـم و گومـان دروسـتکردن لـە دڵسـۆزیی توانـای ئاسـایش.

- وشـەی ( کـوژراو) بـەکار دێنێـت, لـە فەرهەنگـی کوردیـی دا ئـەم وشـەیە بـۆ کەسـانێک بەکاردێـت, کاتێـک ئـەو کەسـە یـان کەسـەکان لـە قسـەکەرەوە دوور بێـت و نزیکیـی لـە نێوانیـان دا نەبێـت, بۆیـە بێلایەنیـی خـۆی بـەو کەسـانەوە پیشـاندەدات .

-شـەهید: ناوێکـی پیـرۆزە و لـە زمـانی عەرەبییـەوە وەرمانگرتـووە و، لـە فەرهەنگـی کوردیـی دا وەک خـۆی بەکاردەهێنرێـت بەرامبـەر بـە کەسـانێک بێتاوانـن و لـە رێـگای شـتێکی پیـرۆزدا شـەهید دەبـن.

-پەیامنێـر بـۆ پشـتگیرییکردن و راسـتاندنی هەواڵەکـە لێـدوانی (وەزیـری تەندروسـتیی) دەکاتـە سـەرچاوەی زانیارییەکانی, لـە زاری ئـەوەوە ژمـارەی قوربانییـان (٤٥) کـوژراو و ( ١٠٠) برینـدار هەیـە, جیـاواز لـە رۆژنامـەکانی تـر ئـەم ژمارەیـە رادەگەیەنێـت, بەهـای (گرتنـەوە) رەچـاو دەکات و روونیدەکاتـەوە.

-واتـە لـەم دەقـەدا زاراوەی (شـەهید, کـوژراو, قوربانیـی) بەکاردەهێنێـت, پێدەچێـت پەیامنێـر لەبـەر پەلەکـردن هەتـا فریـای هەواڵەکـە بکەوێـت, سـەرنجی وشـە بەکارهاتـوەکانی نـەداوە.

-هەواڵەکە بە شێوازی هەرەمی هەڵگەڕاوە داڕێژراوە.

٥-دەقی ژمارە (٥) هەفتەنامەی ئاسۆ

هەوڵێکی تر بۆ تیرۆرکردنی هەولێر

لەکردەوەیەکی تیرۆریستیدا ٤٦ شەهید و ٧٠ کەسیش بریندار بوون

-هەواڵەکە بە دوو مانشێت نووسراوە.

-هەوڵێکی تر: ئەم زاراوەیە دەیسەلمێنێت، ئەمە یەکەم کاری تیرۆریی نییە لە هەولێر، بەڵکو پێشتریش هەوڵی تیرۆر دراوە.

-تیرۆرکردنی هەولێر: وشەی تیرۆر بۆ مرۆڤ بەکاردێت نەک بۆ شار و ناوچەی بێ گیان.

-کردەکە بە تیرۆر ناودەبات, بە رەگەزی (لە کوێ؟/ لە هەولێر), پاشان بە رەگەزی (کێ؟/تیرۆرست) دەستپێدەکات و ژمارەی شەهید (٤٦) و بریندار ( ٧٠) کەس دیاریدەکات و، بەهای گرتنەوە پیادەدەکات. لەهەمان کات دا سەردێڕەکەی لەسەر وەرنەگیراوە.

-سەرچاوە, کات و شوێنی راگەیاندنەکە دیارینەکراوە.

-هەواڵەکە بە رەگەزی (بۆچیی؟/ دوای گەڕانەوەی ناوی کۆمەڵێک گەنج......) هۆکار بووە بۆ رووداوەکە دەستپێدەکات و، شوێنی رووداوەکە باس ناکات و، رستەکە بە شوێنی رووداوەکە دەستپێناکات, ئەگەر داشبنرێت, بێگومان بێ ناوەڕۆکە, خەریکی تەواوکردنی مامەڵەکانیان بوون لە (کوێ؟). دواتر بە رەگەزی (کەی؟/ ٩.٣٠ی سەرلەبەیانی دوێنێ).

- خۆ خزاندن: بۆ سیخووڕ و خیانەتکار بەکاردێت.

- بۆ پشتڕاستکردنەوەی زانیارییەکانی لێدوانی پارێزگاری هەولێر دەکات بە سەرچاوە.

-کەسەکە بە تیرۆریست ناودەبات و دەڵێت (یەکێک لە تیرۆریستان)، مانای وایە زانیاریی هەیە ئەمانە باندێکن و تەنها یەک لەو باندە کارەکەی کردووە.

-لێرەدا ئاماژە بەو لایەنە نادات, کە بووە بە هۆکاری قەرەباڵغییەکە.

-حکومەتی تازە: تازە زیاتر بۆ خواردن جل و بەرگ ......بەکار دێت, ئەگەر مەبەست لێی حکومەتەکە نوێیە، و ماوەیەکی کورتە کە بوترێت کابینەی نوێی (چەند ؟) ژمارەی کابینەکە بێنێت گونجاوترە.

-قورسایی: ئەم زاراوەیە بۆ بارستایی و کێشە, ئایا قورسایی حکومەت لە چییدایە ؟ ئاماژەی بۆ نەکردووە.

-بچووکتر: لێرەدا بە واتای قەبارە نەهاتووە بەرامبەر بە گەورە, کە تیرۆریستان قەبارەیان بچووکە, بەڵکو ماناکەی ئەوان لەو ئاستەدا نین بەرامبەر ئیرادەی گەلی کورد بووەستنەوە.

هەواڵەکە بە رەگەزی (لە کوێ؟ ناوچەی هێزی پارتی........ ) کۆتایی بە هەواڵەکە دێنێت.

## ئەنجامی توێژینەوەکە

١-راگەیاندنی کوردیی هەتا ئێستاش لە دەستنیشانکردن و بەرجەستەکردنی بەهاکانی هەواڵ رێکنەکەوتوون, هەر رۆژنامەیەک پەیوەست بە ئایدۆلۆژیای پارتێکی دیارریکراو، نرخاندن و بەهای جیاواز بە بەری هەواڵ دا دەکەن, ئەم بەها هەواڵییانە هیچ مۆرکێکی نەتەوەیی و نیشتمانیی لەخۆنەگرتوە, لە سۆنگەی گرنگیینەدان بەم بابەتە، بێگومان ئاستی کاریگەرییەکانی راگەیاندنی کوردیی لەسەر رای گشتیی دادەبەزێنێت.

٢-پەیامنێرەکان بە شێوەیەکی ئاکادیمایی و بابەتیی زانیارییەکان وەرناگرن, چونکە زۆربەی کات خۆیان لەکاتی

ڕووداڤی ڕووداوەکـە ئامـادە نیـن و زانیارییـەکان لەکەسـانی تـرەوە وەردەگـرن و دەیگوازنـەوە, هـەر بۆیـە بـوار بـۆ ئایدۆلۆژیـای خۆیـان و هەسـتی خۆیـان دەڕەخسـێنن لـە تێکەڵکـردنی زانیارییـەکان و ئەوەنـدە پەلـەی بڵاوکردنـەوەی زانیارییەکـە دەکـەن, ئەوەنـدە پـەرۆشی بەرجەسـتەکردنی ڕەگـەزەکانی هـەواڵ و شـێوازی داڕشـتن بـە لەبەرچاوگرتنـی لایـەنی زمانەوانیـی و بەکارهێنـانی زاراوەکان نیـن, لەلایەکـی تـرەوە هەڵەچنـی تایبـەت کـە ئاسـتێکی ئاکادیمیایـی بـەرزی هەبێـت لـە ڕووی بەکارهێنـانی زمـانی ڕۆژنامەنوسـیی و لـە ئـارادا نییـە, بـۆ ئـەوەی چاودێـری بابەتـەکانی نـاو ڕۆژنامەکـە بـکات و کەموکووڕیـەکانی هەیـە چاکـی بـکات پێـش دەرچـوون.

٣-بـە شـێوەیەکی گشـتیی (سـەردێڕ) لـە ڕۆژنامـە کوردییـەکان دا بـە ڕەگـەزی (کـێ؟) دەسـتپێدەکات, ڕاسـتە ئـەم ڕەگـەزە لـە دەرخسـتنی نـاوی کەسـەکە یاخـود پلەوپایـە و پێگـەی کارەکتـەری نـاو ڕووداوەکـە گرنگـە, بـەڵام ڕەگـەزی (چیـی؟) ک کـە لـە یەکەمیینـی دواوەی ڕووداوەکانـدا دێـت و دواتـر ڕەگـەزی (لەبـەر چیـی؟) کەمـتر دێـت, لـە کاتێکـدا ڕەگـەزی (چیـی) کرۆکـی ڕووداوەکـە دەخاتـەڕوو, کـە ڕووداوەکـە لەوانەیـە بەهـای (لەخۆگریـی, پێکـدادان, ناکۆکیـی, شـەڕ, سـەیرکردن, سەرسـوڕمان) بێـت, هـەر بۆیـە گرنگیینـەدان بـە ڕەگـەزەکانی هـەواڵ بـە پێـی نـرخ و بەهـای ڕەگـەزەکان, کارێکـی نەرێنیـی دەکاتـە سـەر خوێنـەر و پەرۆشـی بـۆ بابەتەکـە کەمـتر دەبێـت, بـەوەی ئـەم ڕۆژنامانـە بـە تایبەتیـی و ڕاگەیانـدنی کوردیـی بـە گشـتیی لـە ژێـر هەژمـونی دەسـەڵاتدایە و, پەیامـەکان بـە شـێوەیەکی بابەتیـی بـە خوێنـەر ناگـەن.

## خلاصة البحث

في بحثنـا هـذا عنـوان ( تحليـل الخطـاب الصحفـي / الجنـس الخـبري انموزجـا) حاولنـا الاشـارة الى أراء المحللـين بصـدد مصطلـح الخطـاب للغـة الحديـث والتخاطـب والحـوار, فالمحللـين اسـتخدموا هـذا المصتلـح في كافـة مخاطباتهـم وحواراتهـم في حـين أن مصتلح الخطـاب لا يتضمـن لغـة التخاطـب فقـط وانمـا يتضمـن لغـة الكتابـة أيضـا , وقـد يتجسـد هـذا الاسـتخدام للغـة في اوقـات قـراءة الكتـب وارسـائل والصحـف أيضا,لـذا فللنصـوص المكتوبـة مثـل التخاطبـات والحـوارات نفـس المسـتخدمين ( الكاتـب/ المؤلـف والقـارىء) .

يسـتطيع ادخـال النصـوص المكتوبـة ضمـن مفهـوم الخطـاب لآن اللغـة عندمـا تسـتخدم للتعبـير عـن العبـارات بالتأكيـد ( الحـوار والكتابـة) قـد يتضمـن النصـوص ( الشـفهية والمكتوبـة) , لـذا في هـذا البحـث حاولنـا العمـل في مناقشـة مظاهـر النـص والحـوار المرتبـط بالسـياق الخارجـي الاجتماعـي واحـدث التواصـل بصـورة منظمـة والتـي لهـا تأثـيري النـص والحـوار.

## Absract

The title of this research is { Press Discourse Analysis / News as a sample }. Most discourse analysts have used the term (Discourse) for communication. On the other hand, language has not been defined as a spoken language only but it includes writing or written language like (books, journals, letter writing ).

In this way, all written texts like communication have the same users ( writers and readers ) as well as ( speakers and listeners ). Written texts could be studied according to discourse concept because the language expresses ideas, communication/ writing means spoken language and written texts.

Also, this research sheds light on the characteristics of communications and texts which have related to contexts that have a social influence on text and communication systematically.


سەرچاوەکان


١.بەهرۆز عەلی (٢٠١٥):هونەری هەواڵ نوسین (ڕەگەزو جۆرو قاڵبەکانی دارشتنی هەواڵ بە تیۆری و پراکتیکی) , سلێمانی.

٢.جان جبران کرم(١٩٨٦): مدخل الى لغه الاعلام, دار الجيل, بيروت.

٣.حاتم علي جواد الطائي, لغة الاخبار في الصحافة العراقية, رسالة دكتوراه, جامعة بغداد,١٩٩٨

٤ساجیده عەبدوڵا فەرهادی (٢٠٠٣): رستە و پاش رستە (تێڕوانینێکی ئەرکی) ,نامەی دکتورا, زانکۆی سەلاحەدین.

٤. قیس کاکل توفیق (٢٠٠٢):پەیوەندییەکانی نێو دەق, نامەی دکتورا, زانکۆی سەلاحەدین.

٦.عبدالواحید مشیر دزەیی (٢٠٠٤):واتای کاریگەری لە بواری ڕاگەیاندن دا- لێکۆڵینەوەیەکی سیمانتیکی و پراگماتیکیە, نامەی دکتورا,زانکۆی سەلاحەدین.

٧.عومەر سەید زادە (٢٠٠١): کورتەیەک دەربارەی هەواڵی ڕۆژنامەنوسی, چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری, هەولێر.

٨.عبدالله عزیز محمد (١٩٩٠): گۆڕانی واتای وشە لە زمانی کوردیدا, نامەی ماجستیر, زانکۆی سەلاحەدین.

٩.عبدالستار جواد (١٩٩٩): فن كتابه الاخبار, الگبعه الاولى, الاردن.

١٠. تالب خسین علی (١٩٩٨): هەندێ لایەن لە پەیوەندی نێوان ڕستەو واتا لە کوردیدا, نامەی دکتورا, زانکۆی سلاحدین.

١١. کازمی موعتەمەد نەژاد (١٩٧٨): ڕۆژنامەگەری, وەرگێڕانی -مەجید ساڵح عەزیز, چاپی بغداد.

١٢. کورتیس ماکدوغال ,وەرگێڕانی ,هەندرێن شێرزاد سلێمان:بنەماکانی هەواڵنوسین, لە بڵاکراوەکانی بەشی چاپ و بڵاوکردنەوەی رادیۆ نەوا.

١٣. محمد معروف فتاح (١٩٩٠): زمانەوانی, چاپخانەی زانکۆی سلاحدین, هەولێر.

١٤. ڕەحمان اسماعیل حسن کانەبی (١٩٩٨): پێڕەوی فۆنێمە ناکەرتیەکان لە کوردیدا, نامەی دکتورا, زانکۆی بغداد.

١٥. د.نەعیم بەدیعی و د.حسین قەندی, وەرگێڕانی ,کارزان محمد, ڕۆژنامەوانی مۆدێرن, سلێمانی.


١٦.Language and power, Longman, London and new york ;١٩٨٨,Fairchlegh Norman-١٦

Cohesion in English, Longman ;(١٩٧٦) Halliday, M, A..K.and Hassan, R-١٧

.Principles of pragmatics, London Longman ;١٩٩٦,Leech Geoffrey-١٨

.Discourse studies and introductory Textbook, Amsterdam John Benjamins ;١٩٩٣,Renkema.J-١٩

The Interdisciplinary study of New in the pres.Ink. Bruhn-Jensen ;١٩٩١,Van Dijk, Teun Adrianus-٢٠ &N.Jankowksi(Eds), Handbook of Qualitative methods in mass communication Research, London. .Rout led


درێژەی...

لەسەر ئاستی

هەردوێنیش جاك ستڕۆ-ی وەزیری دەرەوەی بەریتانیا کردەوە تیرۆریستییەکەی شاری هەولێری ئیدانەکردو پرسەو سەرەخۆشی بەکەسوکاری قوربانیان راگەیاند.

وەزیری دەرەوەی بەریتانیا لەبەیاننامەیەکدا رایگەیاند: ئەم کردەوە خۆکوژییە کارێکی دڕندانەی ترە لەکردەوەی تاقمە تیرۆریستییەکان لەدژی مەدەنییە عیراقییە بێتاوانەکان.

تەئکیدیشیکردەوە کە ئەم جۆرە توندوتیژییە وێرانکەرە گەلی عیراق لەو ڕێگایەی هەڵیبژاردووە لانادات، کە ڕێگای دیموکراسی و ئازادییە.

لەلایەکی ترەوە خافیر سۆلانا لێپرسراوی باڵای سیاسەتی دەرەوەی ئەورووپا کردەوە تیرۆریستییەکەی مەحکوم کردو لەبەیاننامەیەکدا رایگەیاند: ئەو هێرشە تیرۆریستییەی شاری هەولێری گرتەوە بەئاکامە کارەساتبارەکەی هەموو هێرشەکانی پێشووتری تێپەڕاندو چەندین کەسی بێتاوانی کردە قوربانیی، هەروەها پرسەو سەرەخۆشی لەکەسوکاری قوربانیان و حکومەتی عیراق کرد.

لەپێشهاتێکی تردا تاقمی (انصار السنە)ی تیرۆریست لەبەیاننامەیەکدا کە لەسەر تۆڕی ئینتەرنێت بڵاوکرایەوە، بەرپرسیارێتی خۆی لەکردەوە تیرۆریستییەکە ڕاگەیاند.

پێویستە بگوترێت (١٧) قوربانیی کردەوە تیرۆریستییەکەی دوێنێی هەولێر خەڵکی ناوچەی هەریرو دەوروبەرین، هەروەك حاڵەتی چەندانی تریش لەمەترسیدایەو ئەگەری لەدەستدانی دەست یان قاچیان لەئارادایە.

درێژەی... ٧٤٩٧٥

گوتیشی: نزیکەی (١٨٥٠٠) خوێندکار لەسنووری پەروەردەی سلێمانی، (٧٩١٠) خوێندکار لەسنووری پەروەردەی گەرمیان، (٦٥٠٠) خوێندکار لەسنووری پەروەردەی ڕانیەو (١٦٦٠) خوێندکار لەسنووری پەروەردەی هەولێر-کۆیە بەشداریی


کوردستانی نوێ

KURDISTANI NWÊ


ڕێگای کوردستان


مەکتەبی سیاسی حزبمان سەبارەت بە کارە تیرۆریستیەکەی ئەمڕۆ ئەم لێدوانەی خوارەوەی ڕاگەیاند

کێشەی مزگەوتی دەربەندیخان چارەسەرکرا

پیس بوونی شوێنەکانی گەشت و گوزار

مەکتەبی سیاسی

حزبی شیوعی کوردستان

٤ی ئایاری ٢٠٠٥


وتەی دوای کۆنگرە 2

4 دوو بروسکەی پیرۆزبایی بەبۆنەی ئازادکردنی مامۆستا (عەلی باپیر)

تێبینی

یەکگرتوو

www. kurdiu.org

TUE. 5- MAY-2005 -NO. (537) ELEVENTH YEAR KURDISTAN - IRAQ

٥٣٧

لە کەش و هەوایەکی برایانەی دیموکراسیدا

کۆنگرەی چوارەمی یەکگرتوو کۆتایی بە کارەکانی هێنا


لەبەیاننامەیەک دا

مەکتەبی سیاسی یەکگرتوو

ئیدانەی کارە تیرۆریستییەکەی هەولێر دەکات

بەبۆنەی ئەو کارەساتە دڵتەزێنەی ئەمڕۆی ناو شاری هەولێر کە ژمارەیەکی زۆر قوربانیو بریندارى لێکەوتەوە لە هاوڵاتیانی بێتاوان.

ئێمە لە یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان بە توندی ئیدانەی ئەوکارە تیرۆریستیو خۆکوژیە دەکەینو بە هەڕەشەو کارێکی دژ بەئاینو گەل و نیشتیمانو ئارامیو هێمنی هەرێمی کوردستانی دەزانین.

بۆیە داوا لەلایەنە بەرپرسەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکەین لێبپێچینەوەو بەدواداچوون بکەن لەو رووداوەو لە سزاخکردنی ئەرانەی لە پشت ئەوجۆرە کارانەوەن.

لە کۆتاییدا داوا لەخوای میهرەبان دەکەین گیانی بێتاوانی قوربیانیانی ئەو کارەساتە بە بەهەشتی خۆی شادبکات و داوای شیفاش بۆ بریندارەکان دەکەین هەروەها داوای سەبوریو دڵنەوایی کەسوکاریان لە خوای گەورەدەکەین ..

مەکتەبی سیاسی
یەکگرتووی ئیسلامیی
کوردستان ٢٠٠٥/٥/٤

لە پەراوێزی کۆنگرەی چوارەمی یەکگرتوو


سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان: بۆنەی رووداوە تیرۆریستییەکەی دوێنێی شاری هەولێر: سەرۆک وەزیران و جێگری سەرۆک وەزیرانی عێراق و جێگری سەرۆک وەزیران و وەزیری دەرەوەی تورکیا و بریکاری سەفارەتی ئەمریکا لە بەغدا و سەرپەرشتیاری (الملکیە الدستوریە) هاوخەمی و هاریکاریی خۆیان رادەگەیەنن

خەبات XEBAT

تیرۆریستان بزانن، بە کارە تیرۆریستییەکانیان هەنگاوی دیکە لە ئامانجی ستراتیژیمان نزیک دەبینەوە

بەیاننامەیەک لە مەکتەبی سیاسی یەوە بە بۆنەی تاوانە چەپەڵەکەی دوێنێی پایتەخت: نە ئەم تاوانە و نە تاوانەکانی دیکەشیان هەرگیز ئیرادەی پتەوی ئەم گەلە سست و لاواز ناکات


سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان: تاوانە چەپەڵەکەی پایتەخت مەحکووم دەکات

سەرۆک بارزانی پێشوازی ... خواڵێخۆشبوو حوسێن ئاغای سورچی دەکات

هەولێر... لە کردەوەیەکی تیرۆریستیدا

46 هاووڵاتی شەهید و 71ی دیکەش بریندار

مووسڵ... تەقینەوەی چەند ئۆتۆمبێلێک و دەستگیرکردنی چەند تیرۆریستێک


وەزارەتی ناوخۆ
4ی مایسی 2005

* هەولێر... لە کردەوەیەکی تیرۆریستیدا ......

بەپێی زانیارییە سەرەتاییەکان کە نەوزاد هادی پارێزگاری هەولێر لە لێدوانێکی تایبەت بە (خەبات)ی راگەیاند؛ 46 هاووڵاتی لەو کردەوە تیرۆریستییە شەهید بوون، کە لە نێوانیاندا منداڵێک هەیە، لەگەڵ 71 بریندار کە تەنها چەند حاڵەتێکیان جێی مەترسییە و ئەوانی دیکە چارەسەری بەپەلەیان بۆ کراو زۆربەشیان خرانە بەر نەشتەرگەری.

جێی باسە لەگەڵ رووداوەکە هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ کەوتنە حاڵەتی فریاکەوتن و زۆربەی شەقامەکانی هەولێری پایتەخت لە هاتوچۆ راوەستان، تەنها ئۆتۆمبێلەکانی ئەمبولانس و پۆلیس نەبێ، کە شەهید و بریندارەکانی رووداوەکەی پێ دەگوازرایەوە نەخۆشخانەکان، وەک یەک لە شایەدعەیانەکان بۆ (خەبات) رووداوەکەی گێڕایەوە: کۆمەڵە لاوێک بۆ ئەوەی لە دەرچوونی ناوەکانیان دڵنیابنەوە سەریان لەنێو یەکتر نابوو و سەیری ئەنجامەکانی خۆیان دەکرد، کە لەسەر مێزێکی بەردەم بارەگای لیژنەی ناوچەی هێزی ناوخۆ بوو، لەپڕ ئەو تیرۆریستە خۆی تەقاندەوە جگە لە ئاگر و رووناکی و پاڵەپەستۆیەکی زۆر هیچی دیکەم نەبینی.

دوای رووداوەکە و تا پاش نیوەڕۆش شوێنی رووداوەکە بە شریتی پۆلیسی دەورەدراو هاتوچۆی لەسەر قەدەغە کرا.

شایانی باسە دوای بیستنی کردەوە تیرۆریستییەکە، بەهەزاران کەس لە خەڵکی شاری هەولێر و بە گەورەو بچووکەوە روویان لە نەخۆشخانەکان کرد بۆ بەخشینی خوێن، زۆربەی دوکان و بازاڕە گشتییەکانیش داخران و خەڵکی شاری هەولێر دەست بەجێ پرسەیەکی گشتیی راگەیاند و زۆربەی هەرە زۆریش بەشداریی ناشتنی تەرمی شەهیدەکانیان کرد.

* کورد بەو سوێندە نارازییە کە ئەندامانی ......

داوا دەکات بزانێ کێ لە لابردنی گوزارشتی «سیستەمە دیموکراتییە فیدراڵییە»کەی لەو سوێندە بەرپرسیارە، کە حکوومەتی کاتیی خواردی؟

لەلایەن خۆشیەوە حوسێن شەهرستانی جێگری سەرەکی پەرلەمان دووپاتیکردەوە، کە دەستەی سەرەکایەتی داوا لە ئەنجوومەنی وەزیران و ئەنجوومەنی دادوەری باڵا دەکات، روونکردنەوەیەک لەسەر ئەم بابەتە پێشکەش بکەن.

شایانی باسە دەقی ئەو سوێندە کە ئەندامانی حکوومەت خواردیان بەم شێوەیەیە: «سوێند بە خوای مەزن دەخۆم کە ئەرک و بەرپرسیاریەتییەکانمان بەوپەڕی دڵسۆزییەوە ئەنجام بدەم و پارێزگاری لەسەربەخۆیی عێراق و سەروەرییەکەی بکەم و پارێزگاری بەرژەوەندییەکانی میللەت بکەم شەونخوونی لەسەر سەلامەتی خاک و ئاسمان و ئاوو سامانەکەی بکەم و یاساکان بە ئەمانەت و بێلایەنی جێبەجێ بکەم و خوا لەسەر ئەوەی کە دەیڵێم شایەتە».

* مووسڵ... تەقینەوەی چەند ئۆتۆمبێلێک ...